# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.524 Mon 3/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 524 دووشەممە 3/ 8/ 2009






ئاسیاسێل

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١




## شۆکی هەڵبژاردن

شوان ئەحمەد

ل١٢

# پەرلەمانتارانی عێراق لەسەر ساختەکارییەکان دێنە دەنگ

بەرهەم خالید

ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوا لە کۆمسیۆن دەکەن بایەخی زۆر بە سکاڵای قەوارە سیاسییەکان‌و چاودێرەکان بدات.

ژمارەیەک پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوا لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەن، لە پێناو لە دەستنەدانی ڕاستگۆیی‌و بێلایەنی کۆمسیۆن‌و سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان‌و زامنکردنی مافی هاوڵاتییان لە دەستنیشانکردنی نوێنەرانی خۆیان بە ئازادیی‌و دوور لە ساختەکاریی، بایەخێکی تەواو بە سکاڵای قەوارەو چاودێران لە بارەی ساختەکردن‌و پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم بدات.

لە نامەیەکیاندا بۆ هەریەکە لە کۆمسیۆن، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌کۆمار،سەرۆکایەتی‌ئەنجومەنی وەزیران، دەستەی نەزاهە، دادگای ئیتیحادی، نەتەوەیەکگرتووەکان، یونامی‌و هەموو قەوارە سیاسییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو پەرلەمانتارانە ڕایانگەیاندووە: «لەپێناو دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتیی بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی دوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و لێکۆڵینەوەین لە پێشێلکاریی‌و خروقاتەکان»و داواش دەکەن ساختەکاران ئاشکرابکرێن‌و بە گوێرەی یاسای سزادانی عێراقی سزابدرێن لەبەر ئەوەی «ساختەکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە بە تاوان ئەژماردەکرێت».

وێنەیەکی نامەکە لە ل٢دایە

# ئۆپۆزسیۆن سەرکەوت



کۆمسیۆنی سەربەخۆ، سەربەخۆیە؟

فۆتۆ: هەڵۆ محەمەد

ڕۆژنامە

لیست‌و قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەدەن لەو ناوچانەی پێشێلکاریی‌و ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکاندا کراوە، ئۆپۆزسیۆن‌و لایەنەکانی ڕکابەری لیستی دەسەڵات دەنگیان کەم هێناوە، چونکە لیستی یەکێتی‌و پارتی بەشێوەیەکی نایاسایی دەنگیان بۆ خۆیان زیادکردووە.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەری کورد لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ڕوویان لە (١١٨٥) بنکەی دەنگدان کرد، بۆئەوەی لەنێوان (٢٥) قەوارەو پاڵێوراودا نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان‌و لەنێوان (٥) پاڵێوراودا نوێنەری خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژێرن. بە وتەی چاودێرانی بیانی‌و ناوخۆیی پرۆسەکە «تا درەنگانی دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوەچووە»، بەڵام لەکاتی ئێوارەو بەتایبەتیش لەدرێژکردنەوەی کاتەکە بۆ ماوەی کاتژمێرێک «لەسنووری هەولێرو دهۆک زۆرترین ساختەکاریی‌و خروقات‌و پێشێلکاریی ئەنجامدراوە»، لەکاردانەوەی ئەم حاڵەتەو دوابەدوای تەواوبوونی پرۆسەکە، لیستی گۆڕان‌و خزمەتگوزاریی‌و چاکسازی لەدوو بەیاننامەی جیاوازدا ڕەخنەی توندیان لە درێژکردنەوەی کاتەکە گرت‌و ئاماژەیان بەساختەکاریی‌و پێشێلکارییەکانی پرۆسەکە کرد لە چەند ناوچەیەک، هاوکاتیش هەردوو لا چەندین سکاڵایان ئاراستەی کۆمسیۆن کردووە.

درێژە ل ٢و٣دایە

# کوردانی دەرەوە: نا بۆ هەڵبژاردنی تەزویر

فەلاح نەجم

دوایەمین زنجیرە نارەزاییەکانی کوردانی دەرەوەی وڵات، خۆپیشاندانێکی فراوانی کوردەکانی بەریتانیا بوو کە لە لەندەن بەڕێوەچوو دژی دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتی‌و ئەو تەزویرو خروقاتانەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم‌و پەرلەمانی کوردستان کرا.

ئەو خۆپیشاندانە لەژێر دروشمی «نا بۆ دیکتاتۆریی، نا بۆ هەڵبژاردنی تەزویر». لەبەردەم سەرۆکایەتی حکومەتی بەریتانیاو سەفارەتی ئەمریکادا ئەنجامدراو خۆپیشاندەران یاداشتێکی نارەزاییان دژی خروقات‌و تەزویراتی هەڵبژاردنەکان پێشکەشی حکومەتی بەریتانیاو سەفارەتی ئەمریکا کرد.

خۆپیشاندەرەکان لە یاداشتەکەیاندا بۆ سەفارەتی ئەمریکاو حکومەتی بەریتانیا باسی ئەو هێرشانەیان کرد کە کراونەتە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان‌و مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی‌و مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی.

هەروەها داوایانکردووە ئەمریکاو بەریتانیا دوولایەنە فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق، بۆئەوەی دەزگایەکی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق دابمەزرێت.

لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سویدیش ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان سازکرد بۆ ئیدانەکردنی توندوتیژیی‌و ئەو تەزویراتانەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان کراوە لە هەولێرو دهۆکو هێرش کراوەتە سەر ژمارەیەک بارەگای لیستە ڕکابەرەکانی پارتی‌و یەکێتی.

کۆمیتەی بەرگریی لە لیستی گۆڕان لە وڵاتی سوید لە بەیاننامەیەکیاندا پشتگیریی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دووپاتکردەوەو لە بەشێکی بەیاننامەکەیاندا هاتووە «ئێمە وەک کۆمەڵێک لە کوردانی دەرەوەی وڵات، پاش ئاشکرابوونی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆمان دەرکەوت کە هەڵبژاردنەکان لێوانلێو بووە لە ساختەکاریی‌و بێ حورمەتی بەرامبەر بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان».

# سەرۆکی حکومەت کارەکانی وتەبێژەکەی قبوڵ دەکات؟

ڕۆژنامە

ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سکاڵایەکی یاسایی، دژبە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگە تۆماری دەکەن کە وێنەی ئاسایی دوو کچی ڕۆژنامەنووسی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن‌و بۆ بەرژەوەندی لیستێکی دیاریکراو بەکارهێناوەو سکاڵاکەش دەخەنە بەردەم پەرلەمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی مافی مرۆڤ‌و ڕای گشتیی‌و هەموو یاساناسان‌و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نارەزایینامەیەکدا بۆ بەردەم ڕای گشتیی، پرسیار لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەن تا چەند ئەم کارەی گۆڤاری بەڵگە قبوڵە؟ کە لەلایەن وتەبێژی فەرمی سەرۆکی حکومەتەوە ئەنجامدراوە، لە کاتێکدا سەرۆکی حکومەت لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک جەختی لەسەر ئازادیی ژنان‌و نەهێشتنی سووکایەتی بە ژن‌و توندوتیژیی دژی مێینە کردووەتەوەو لێدوانی داوەو خەڵاتی ژنپارێزی بەخشیوەو هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە «وتەبێژی بەڕێزتان لەسەر نزمترین ئاست تەشهیر بە ژنان دەکات‌و ناویان دەزڕێنێت‌و هەڕەشەیان لێدەکات».

نارەزایینامەکە لە ل٣ دا بڵاوکراوەتەوە

# ڕێگە نەدرا ڕۆژنامەو KNN بەشداریی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی دوکان بکەن

ڕۆژنامە

دوێنێ بەمەبەستی ڕووماڵکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی هاوینەهەواری دوکانی نێوان جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، تیمێکی ڕۆژنامەوانی (ڕۆژنامەو KNN) چوونە هاوینەهەواری دوکان، بەڵام بەبڕیارێک کە بەپاسەوانەکانی بەردەم بارەگای تایبەتی تاڵەبانی ڕاگەیەنرابوو تەنیا ڕێگە بەو دوو کەناڵە نەدرا کەبەشداریی لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا بکەن، لەکاتێکدا ڕێگە بە دەیان کەناڵی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و بیانی درا بچنە ناوکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەوە.

سیروان ڕەشید لەتیمی نێردراوانی ڕۆژنامە لەوبارەیەوە وتی «ڕێگەگرتن لەبەشداریکردنی ئێمە ڕەفتارێکە پێچەوانەی بنەماکانی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و یاسای ڕۆژنامەگەرییە لەهەرێمی کوردستان کە ئەو مافە بەهەموو ڕۆژنامەنووسێک دەدات بەشداریی لەوکۆنگرە ڕۆژنامەوانیانەدا بکات، وتیشی، داوا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لەئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەکەین ئەم ڕەفتارە ئیدانەبکەن».

هاوکات حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانەی ئەو ڕەفتارەی کردو وتی، مادام بۆ کەناڵی دیکە ڕەوابێت کە ڕووماڵی ئەو هەواڵە بکات، دەبوایە ڕێگە بە ڕۆژنامەو کەناڵی KNN بدرایەو «ئەم هەڵسوکەوتە لەگەڵ ڕەوتی کاری ڕۆژنامەنووسی ناگونجێت».

# ـــــی کەمبووە، ئۆپۆزسیۆن سەرکەوت


ساختە لە ریزەکاندا بوو یان دەنگدانی بە کۆمەڵ؟

هاوکاتیش زۆربەی بەڕێوەبەری ناوەندەکان دەنگی نەخوێندەوارەکانیان داوە بەلیستی دوو حیزبی دەسەڵاتدار، ئەمە جگە لەوەی لەزۆربەی ناوەندەکانی دەنگدانی هەولێرو دهۆک، هەندێک کەس زیاتر لەجارێک دەنگیان داوە».

لیستەکانی دەرەوەی لیستی یەکێتیو پارتی ئاماژە بۆ ئەو واقیعە دەکەن کە دەردەکەوێت لەو شوێنانەی ساختەکاریی هەبووە دەنگی لیستی دەسەڵات لە بەرزبوونەوەدایەو لەبەرامبەریشدا دەنگی لیستە رکابەرو ئۆپۆزسیۆنەکان کەمیکردووە.

محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کە پارتەکەی لەگەڵ سێ پارتی دیکە لە لیستێکی هاوبەشدا بەناوی (خزمەتگوزاریو چاکسازی) بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەو شوێنانەی ساختەکاریی هەبووە، رێژەی دەنگی بەرامبەر زیادیکردووە، رێژەی دەنگی لیستەکانی دیکە کەمیکردووە، ئەمەش دیارە لیستی دەسەڵات بەشێوەی ساختەو تەزویرو نایاسایی دەنگی خۆیانیان زیادکردووە». حەکیم ئاماژە بەوەش دەدات تەنیا لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی (٦٤١) سکاڵایان لەکۆمسیۆن دژی ساختەکارییو پێشێلکارییەکان تۆمارکردووە، لەسەر جۆرەها پێشێلکاریی لەوانە: «بەکارهێنانی کارتی زەرد بەشێوەیەکی نایاسایی، خەڵکێک هەبووە بێئەوەی پەنجە بخاتە مەرەکەبی دەنگدانەوە دەنگیداوە، هەبووە بێئەوەی پێناسی باری شارستانی پێبێت دەنگیداوە، بۆیە ئەگەر کۆمسیۆن لە سکاڵاکانمان نەپرسێتەوە هەڵوێستی خۆمان دەبێت».

لیستی گۆڕان لە هەولێر لەکاتی پرۆسەکەو لەماوەی یاساییدا لەلایەن چاودێرەکانیەوە زیاتر لە (١٥٠) سکاڵایان تۆمارکردووە، بەرپرسی کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستەکەش جەختلەوەدەکاتەوە،ساختەکارییەکانی هەولێر پێشتر لەلایەن دەسەڵاتەوە ئامادەکارییان بۆ کراوەو ئەگەریش لەژێر فشارو ترسو ساختەکاریی نەبوایە ئۆپۆزسیۆن لە پایتەخت دەنگی باشی بەدەستدەهێنا.

سەفین مەلا قەرە، بەرپرسی کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە هەولێر، راگەیاند: «ئەگەر ساختەکاریی نەبوایە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان دەنگی زۆر باشیان لە پایتەختدا بەدەستدەهێناو وتی: «لەدوای سەعات (٢)ەوە، دەزگای هەڵبژاردنی پارتی هەستی بەوەکرد دەنگیان خراپە، بۆیە دەستیان بە ساختەکاریی کردو بۆ ئەو مەبەستەش پێشتر زەمینەسازییان بۆ کردبوو خەڵکیشیان لە ناوچەو لقو سوپا کۆکردبوویەوە بەو هۆیەی بەڕێوەبەری بنکەکانیش کەهی خۆیان بوونو ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەنگیدا».

سەفین، هەولێر بە «شاری گۆڕان» ناودەباتو پێشیوایە، ئەگەر ساختەکاریی نەبوایە دەنگی گۆڕان لە هەولێر جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدەبوو لەگەڵ دەنگەکانی لیستی کوردستانی، چونکە وەک خۆی وتی: «زۆربەی خەڵکەکە خوازیاری گۆڕانەو بەشێک لە خەڵک نەیانوێراوە دەنگ بدەنو بەشێکی دیکەش لەژێر فشاری پارتی دەنگیان بە کوردستانی داوە».

لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان چوارەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکەیەو توانیویانە (٢) کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکەن، لە بەیاننامەیەکی پێشوویاندا باس لە پێشێلکارییەکان دەکەنو سەرۆکی لیستەکەش دەڵێت: «چاوەڕێی ئەنجامی کۆتایین، بۆئەوەی هەڵوێستی خۆمان رابگەیەنین».

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان باسیان لە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنەکان کردووەو کە لیستەکەی ئەوانیشی لێ بەدەر نەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی چاوەڕێی ئەنجامی کۆتاییو راپۆرتی کۆتایی رێکخراو و چاودێرەکان دەکەن لەسەر رەوشی هەڵبژاردنەکان، بەوپێیەی ئەوان نەیانتوانیوە لەهەموو بنکەکان چاودێری خۆیان هەبێت. وتیشی: «بێگومان ئێمەش وەک لایەنێکی سیاسی لە پێشێلکارییەکان بێدەنگ نابینو هەڵوێستی خۆمان دەبێت».

# رێکخراوێک: فەرمانبەرانی کۆمسیۆن بێلایەن نەبوون»

هەستیار قادر

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی kso، فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەرخۆی هەڵبژاردنەکان لە بنکەکانی دەنگداندا بێلایەن نەبوون و ئەو پێشالکارییانەی تۆماریان کردووە لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگداندا کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبێت و بەشێکی زۆری پێشێلکارییەکانیش لەلایەن دەسەڵاتەوە لە کاتی زیادکراوی دەنگداندا ئەنجامدراوە.

لە راپۆرتێکی رێکخراوی قوتابیانی کوردستان (kso)دا هاتووە کە ئەو پێشێلکارییانەی لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمدا تۆماریان کرووە کاریگەرییان دەبێت لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و زۆرێک لەو پێشێلکارییانە لەلایەن دەسەڵاتەوەو لەو کاتەدا ئەنجامدراوە کە بۆ ماوەی دەنگدان زیادکراوەو ئەو پێشێلکارییانەش بەشێوەیەکی بەرچاو لە دوای سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆوە دەستپێکردووە.

رێکخراوەکە کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە مۆڵەتی چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی پێدراوە رەخنە لە «بێلایەن نەبوونی» فەرمانبەرانی کۆمسیۆن دەگرێت و نووسیویەتی «فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لە بنکەکانی دەنگداندا بێلایەن نەبوون، بەتایبەت لە کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکانداو زۆرێک لە رێنماییەکانی کۆمسیۆنیش لە کاتی دەنگداندا پێشێلکراون، لەوانە دەنگدان بە پێناسی حیزبیو پیشەیی و چوونە ژوورەوەی ئاسایش و پۆلیس بە چەکەوە بۆ ناو بنکەکانی دەنگدان».

رێکخراوی kso کە (١٣٢) چاودێری لە (٢٥) تیمدا کۆکردبۆوە بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی دەنگدان لە سنووری هەردوو پارێزگاری سلێمانی و هەولێر ئاماژەی بەوەشداوە، کە لەشاری هەولێر ساختەکاران بە پاس بەسەر بنکەکانی دەنگداندا گەڕاون لەزۆر بنکە دەنگیانداوەو پشێویی و ئاڵۆزیان ناوەتەوەو لە هەندێک وێستگەی ئەو شارەشداو لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا پۆلیس و ئاسایش بەچەکەوە ئامادەبوون و لەزۆرێک لە بنکەکاندا کابینەکانی دەنگدان لە پشت پەنجەرەوە بوون، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی ئازادیی دەنگدەرو دیاردەی چوونە ژوورەوەی موختارو بەرپرسی حیزبی بەدیکراوە لە بنکەکانی دەنگداندا کە بە نێو هاوڵاتییاندا گەڕاون.

# ئۆپۆزسیۆن پشتگیریی گەنجان دەکات

نیان مەجید

گەنجانی رۆشنبیر ئەو تۆمەتانە رەتدەکەنەوە کە بە دەنگدانیان بە لیستی گۆڕانو لیستەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵات هەڵخەڵەتاونو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوەی پشتگیریی لە گەنجان دەکات لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنن، نەک لیستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار.

نوعمان محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری هێشتا وتی: بە قەناعەتی من گەنجانی رۆڵی خۆیان بە باشی بینیوە لەم هەڵبژاردنەداو لاوان زۆر بە حەماسەتەوە دەنگیان بە ئەو لیستانە داوە کە خۆیان مەبەستیان بووە.

چەند رۆژێکە راگەیاندنەکانی دوو حیزبەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لاوان لە دەنگدانیان بۆ لیستی گۆڕان بێئومێد بوونو لیستی کوردستانی ئومێدیان پێدەبەخشێت، ئەوەش بۆ داپۆشینی شکستی لیستەکەیانە لە شاری سلێمانی، کە زۆرێک لە گەنجان دەنگیان بە لیستەکەیان نەداوە.

ئیحسان تۆفیق، بەرپرسی پەیوەندییەکانی رێکخراوی قوتابیانی کوردستان، باس لەوە دەکات کە گەنج مافی خۆیەتی دەنگی خۆی بەچ شێوەیەک بەکاردەهێنێتو وتیشی: «جێگەی دڵخۆشییە کە گەنجان لە کوردستاندا گەیشتوونەتە ئاستێک کە چیتر گوێ لە پڕوپاگەندە ناگرنو بیرو فیکریان کراوەتەوە بە ئیرادەی خۆیان و بە ئازادانە دەنگ بەو لیستە دەدەن کە کاریان بۆ دەکات، دەسەڵات هەمیشە پشتی لە گەنجان کردووە، تا ئیشی پێ نەبێت گەنجی بیرناکەوێتەوە. ئیتر چ ئومێدێک دەبەخشێتە گەنج».


گەنجان ئۆپۆزسیۆنیان سەرخست فۆتۆ: بەهادین یوسف

# ناڕەزایەتییەک بۆ بەردەم رای گشتیی لەسەر سوکایەتییەکانی گۆڤاری (بەڵگە)

لە کاتێکدا هەموو هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان نەفرەت لە توندوتیژییو سوکایەتیکردن بە ژنان دەکەن، لەو کاتەدا گۆڤارێک بە ناوی ئازادییەوە ناشیرینترین سوکایەتیو توندوتیژیی بەرامبەر دوو کچ دەکاتو دەیانکاتە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستێکی دیاریکراو دەیانکاتە قوربانیی بانگەشەکەی، ئەویش بە ناوزڕاندنو ورووژاندنی هەستیارترین بابەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئەمە نەک لە رووی رۆژنامەوانییەوە کارێکی ناشیرینە، بەڵکو لە رووی ئەخلاقیشەوە دابەزینە بۆ نزمترین ئاست، ئەویش بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ئاسایی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، کە لە وێنەکەدا هیچ حاڵەتێکی نا ئاسایی پێوە دیار نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کچێک لە هیلاکیدا بە جلوبەرگی کارکرنی رۆژانەیەوە راکشاوە. زۆربەی ئەو کەسانەی لە بواری راگەیاندندا کاردەکەن، دەزانن هیلاکی ئەو کارە چەندەو چۆن کارمەند پێویستی بە پشوو هەیە، ئەو حاڵەتە لە زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندندا هەیەو کچان ژووری خۆیان هەیە بۆ پشوودان، بەڵام چاوباشقاڵ ئەمەی بە گەورەترین دەستکەوت زانیوە، وێنەکانی لە رووپەڕی گۆڤارێکدا بڵاو کردووەتەوە.

لێرەوە پرسیار لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین، تا چەند ئەم کارەتان قبوڵە کە لەلایەن وتەبێژی فەرمی بەرێزتانەوە ئەنجامدراوە، لە کاتێکدا بەرێزتان لە ماوەی رابردوودا چەندجارێک جەختتان لەسەر ئازادیی ژنانو نەهێشتنی سووکایەتی بە ژنو توندوتیژیی دژی مێینە کردووەتەوەو لێدوانتان داوەو خەڵاتی ژنپارێزیتان بەخشیوەو هەنگاوی باشتان ناوە، کە ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە مەسەلەی ژنانو مافەکانیان گرنگی تایبەتی هەیە لای بەرێزتان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وتەبێژی بەرێزتان لەسەر نزمترین ئاست تەشهیر بە ژنان دەکاتو ناویان دەزڕێنێتو هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکات شتی خراپتر بڵاودەکاتەوە.

ئێستا ژیانی ئەو دوو کچە لە مەترسیدایەو لە ژێر هەڕەشەدانو ئۆباڵی هەر شتێک بەسەریان بێت لە ئەستۆی وتەبێژە فەرمییەکەی بەرێزتانەو ئەو کات حکومەت بەوە لەکەدار دەکرێت کە دەستی هەبووە لە هەڕەشەو توندوتیژیی بەرامبەر دوو کچ. کە سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری بەڵگە خۆی ئەندامی حیزبێکی سۆسیال دیموکراتە، لە رووی یاساییەوە هاندەرە بۆ هەر شتێک بەسەر ئەو دوو کچە بێت.

لەبەر ئەوە ئێمە وەک ئەو رێکخراوانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، ئەم راگەیاندنە وەک سکاڵایەکی یاسایی دەخەینە بەردەم پەرلەمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی مافی مرۆڤ، رای گشتییو هەموو یاساناسانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە دژی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگە تۆماری دەکەین. هیوادارین بە هەمووومان هەوڵ بدەین ژن نەبێتە هۆکارێک بۆ سوکایەتیو بازرگانیکردنو بانگەشەی هەڵبژاردن.

هەروەها داواکارین لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەتایبەتی کۆمیتەی باڵای بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە ئەنجوومەنی وەزیرانو بەڕێوەبەرێتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان بە کاری خۆیان هەستنو ئەو دوو کچە بپارێزن لە هەر هەڕەشەیەک کە تووشی بوون بە هۆی ئەو کارە نا مەسئولانەیەی گۆڤاری (بەڵگە).

(١)ی ئابی (٢٠٠٩)

ئیمزاکان

فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

DHRD

CSI

KLE

ASUDA

CHAK-KURDISTAN

سەنتەری هاریکاری یاسایی ژنان

WEO

# لەو شوێنانەی ساختەکاری



دلێر عەبدولخالق

لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەو ناوچانەی پێشێلکاریی‌و ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە، ئۆپۆزسیۆن‌و لایەنەکانی رکابەری لیستی دەسەڵات دەنگیان کەم هێناوە، چونکە لیستی یەکێتی‌و پارتی بەشێوەیەکی نایاسایی دەنگیان بۆ خۆیان زیادکردووە.

رۆژی (٧/٢٥) نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەری کورد لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان روویان لە (١١٨٥) بنکەی دەنگدان کرد، بۆئەوەی لەنێوان (٢٥) قەوارەو پاڵێوراودا نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان‌و لە نێوان (٥) پاڵێوراودا نوێنەری خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژێرن، بە وتەی چاودێرانی بیانی‌و ناوخۆییش پرۆسەکە بەشێوەیەکی تەندروست تا درەنگانی دوای نیوەڕۆ بەڕێوەچووە، بەڵام لەکاتی ئێوارەو بەتایبەتیش لە درێژکردنەوەی کاتەکە بۆ ماوەی سەعاتێک «لە سنووری هەولێرو دهۆک زۆرترین ساختەکاریی‌و خروقات‌و پێشێلکاریی بەرامبەر پرۆسەکە ئەنجامدراوە».

لە کاردانەوەی ئەم حاڵەتەو دوابەدوای تەواوبوونی پرۆسەکە لیستی گۆڕان‌و خزمەتگوزاریی‌و چاکسازی لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا رەخنەی توندیان لە درێژکردنەوەی کاتەکە گرت‌و ئاماژەیان بەساختەکاریی‌و پێشێلکارییەکانی پرۆسەکە کرد لە چەند ناوچەیەک، هاوکاتیش هەردوولا چەندین سکاڵایان ئاراستەی کۆمسیۆن کردووە.

رێبوار حەسەن، یەکێک لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان لە راپۆرتێکدا لەبارەی رەوشی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، چەندین پێشێلکاریی تۆمارکردووە کە خۆیان دەبیننەوە لە کارکردنی کەسی حیزبی لەناو بنکەی دەنگدان بۆ کاریگەریی خستنەسەر خەڵک یان دەنگدانی بەلایەنێکی دیاریکراو، بەتایبەت لە بنکەکانی هەولێر، ژمارەیەک دەنگدەر توانیویانە چەندجار دەنگبدەن، زیادکردنی ناوی دەنگدەر بەشێوەی دەستنووس لەسەر لیستی ئەو ناوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە.

لەدوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی ئەو هەڵبژاردنە، زۆربەی لیست‌و قەوارەکان بە بەیاننامەو روونکردنەوە ئاماژەیان بە حاڵەتی پێشێلکارییەکان کردووەو سکاڵایان تۆمارکردووە.

پارتی پارێزگاران کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان تەنیا (٠,١٢٪) دەنگەکانی بەدەستهێناوە، لە دوایین بەیاننامەدا، ئاماژە بە ناوەرۆکی ئەو سکاڵایە دەکەن کە دژی پێشێلکاریی‌و سەختەکارییەکانی لیستی دەسەڵات تۆماریانکردووەو تێیدا هاتووە «درێژکردنەوەی وادەی پرۆسەکە بۆ ماوەی (١) سەعات بێ بنەما بووە، چونکە لەو ماوەیەدا ساختەکارییەکی زۆر لەسەرجەم ناوەندەکانی دەنگداندا کراوە،



الى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

الموضوع/ انتخابات اقليم كردستان العراق.

نحن اعضاء مجلس النواب العراقي الممثلين لشعب اقليم كردستان العراق، المذكورة اسمائنا ادناه نطلب منكم باعتباركم الجهه المهنية المختصة و المسئوله عن نزاهة الانتخابات، الاخذ بنظر الاعتبار جميع الشكاوى و الطعون المقدمه من قبل مختلف الكيانات السياسية و المراقبين المحليين و الدوليين حول انتخابات اقليم كردستان يوم ٢٥-٧-٢٠٠٩، وايلاء هذة المسالة الكثير من الجدية و الاهمية حفاظا على مصداقية عمل المفوضية و التجربة الديمقراطية في كردستان و العراق طبقا للدستور العراقي الذي يكفل حق المواطن في اختيار ممثليه الحقيقيين بكل حرية وعدم تزوير ارادته الحرة.

لذا ومن اجل اظهار الحقائق للراي العام ننتظر بلهفة نتائج عمليات الفرز و المطابقة و التحقيق في الانتهاكات و الخروقات التي رافقت عملية التصويت ان كانت تؤثر على النتائج النهائية للانتخابات وكذالك كشف القائمين عليها باعتبار ان اي عملية تزوير مهما كانت صغيره تعتبر جريمة مخلة بالشرف حسب قانون العقوبات العراقي و يجب تقديم مرتكبيه الى العدالة.

الاسماء:

١- محمد احمد محمود
٢- ازاد رفيق جالاك
٣- اسمر حسين احمد
٤- حسن عثمان محمد
٥- سامي عبدالله الروشي
٦- عاصي حسين محمد
٧- د. رؤوف عثمان
٨- زهير محمد امين
٩- محمود حمه امين
١٠- عمر علي حسين

نسخة منه الى:

- هيئة رئاسة مجلس النواب/ للعلم رجاء
- مجلس رئاسة الجمهورية / للعلم رجاء
- رئاسة مجلس الوزراء / للعلم رجاء
- هيئة النزاهه / للعلم والمتابعة رجاء
- المحكمة الاتحادية / للعلم رجاء
- الامم المتحدة / بانكي مون
- الامم المتحدة / يونامي
- جميع الوكالات العالمية و المحلية
- جميع الكيانات السياسية في مجلس النواب العراقي

وێنەی نامەی پەرلەمانتارەکانی عێراق

# دوو تۆڕی چاودێریی هەڵبژاردن: حکومەت کۆمەڵێک داخوازیی بەسەر کۆمسیۆندا سەپاندووە

فەلاح نەجم

دوو گەورە تۆڕی چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە عێراقدا ئاماژە بە کەموکوڕیی‌و خروقاتەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن‌و داوادەکەن دەنگدانی تایبەتی کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان نەمێنێت‌و ئاماژە بەوەش دەکەن کە حکومەتی هەرێم دەستی خستووەتە نێو کاروباری کۆمسیۆنەوە.

دوو لە گەورەترین تۆڕی چاودێریی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، کە تۆڕی شەمس‌و گروپی چاودێریی نەزاهەی هەڵبژاردنەکانن، پاش تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رۆژی شەممە (٨/١) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا راپۆرتی هاوبەشی خۆیانیان دەربارەی ئەو دوو هەڵبژاردنە لە (١٠) خاڵدا خستەڕوو.

ئەو دوو تۆڕە کە (٦٥٠٠) چاودێریان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان هەبووە، توانیویانە چاودێریی (٨٦٪)ی سندوقەکانی دەنگدان بکەن‌و چەندین تێبینی ورد لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن تۆمار بکەن.

## دەنگدانی تایبەت

پرۆسەی دەنگدانی تایبەت بۆ پۆلیس، ئاسایش، نەخۆشخانەکان، بەندیخانەکان، بەم رێگایەی ئێستا ناتوانێت کۆنترۆڵی پرۆسەی هەڵبژاردن بکات، بەتایبەت لە دەنگدانی دووبارە، ئەو دوو تۆڕە چاودێرییە لە راگەیاندنە هاوبەشەکەیاندا داوایان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردووە دەنگدانی تایبەتی نەمێنێت، کارمەندانی ئاسایش‌و پۆلیس لەگەڵ بنکەکانی دەنگدان هەمان رۆژی دەنگدانی گشتیی دەنگبدەن، نەخۆشخانەو بەندییەکانیش لە رێگەی تیمی گەڕۆکەوە لە رۆژی هەڵبژاردندا دەنگبدەن.



چۆن کۆمسیۆن بێلایەنی دەسەلمێنێت؟ فۆتۆ: هەڵۆ محەمەد

## تۆماری دەنگدەران

دووبارەبوونەوەو نەبوونی ناوی دەنگدەر لە تۆماری دەنگدەراندا ئەوە دەسەلمێنێت کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەو رێگایانەی گرتوویەتیەبەر سەرکەوتوو نییە، بنەمای پشتبەستن بە پسوڵەی خۆراک سەرکەوتوو و زانستی نییە، ئەو دوو تۆڕە داوادەکەن هەرچی زووترە کۆمسیۆن سەرژمێریی تازە لە عێراق‌و هەندەران بکات بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەرو بنەمای زانستی دابنرێت بۆ تۆماری دەنگدەران، هەروەها نەزانینی شوێنی دەنگدەر لەلایەن دەنگدەرەوە، ئەم بەرپرسیارێتییە لەئەستۆی کۆمسیۆن‌و ئەولایەنەیە کە هاوبەشییان هەیە لەگەڵ کۆمسیۆن، کۆمسیۆن بەرپرسیارە لەوەی باشترین‌و ئاسانترین شێواز بگرێتەبەر بۆ بەخشینی زانیاری بە دەنگدەر، دەبێت بیربکاتەوە لە دۆزینەوەی رێگەچارەی دیکە جگە لە (درێژکردنەوەی ماوەی دەنگدان‌و ریکلام)، هەرچی زووە پسوڵەی دەنگدەر دروستبکرێت کە سەرجەم زانیارییەکانی دەنگدەر لەخۆبگرێت کە پێویستیەتی بۆ قۆناغی نوێبوونەوەو رۆژی دەنگدان.

## ساختەکاریی رێکخراو

تۆڕی شەمس‌و تەمموز ئاماژە بەوەدەکەن کە لەگەڵ ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێک رێکارو پرەنسیپی داناوە بۆئەوەی رێگە لە ساختەکاریی رێکخراو بگیرێت، بەتایبەت رێژەی بەشداربوونی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکان‌و دووبارە دەنگدانەوەیان‌و دەڵێن:

«یەکێک لە هەنگاوەکان لەپاڵ ئەم هەنگاوەدا ئەوەبوو دەنگدەر لە یەک وێستگەی دەنگداندا ناوی هەبوو، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی گرنگ‌و ئینتیمای حیزبی کارمەند زاڵدەبێت بەسەر لایەنی میهەنیدا، ئەم رێوشوێنانە بەس نین بۆ رێگرتن لە ساختەکاریی رێکخراو، ئەو دوو تۆڕە داوایانکردووە کە تۆماری دەنگدەر دابەشبکرێت بەسەر لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکاندا بۆئەوەی زیاتر لەجارێک تەئکید لە بوونی ناوەکان بکرێتەوە، بەمەش دەتوانرێت زەمانەتی دەنگنەدانەوەی دووبارە بکرێت‌و ئەم ئەزموونە لە وڵاتی لوبناندا هەیە».

## دەستخستنە ناو کاری کۆمسیۆنەوە

یەکێک لەو تێبینیانەی کە لە میانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمدا لە (٧/٢٥) دروستبوو لەسەر ئەدای کارمەندەکانی کۆمسیۆن بووە لە بنکەکانی دەنگدان‌و جۆری پەیوەندییان بووە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمدا، ئەو دوو تۆڕە جەختیان لەوەکردووەتەوە کۆمسیۆن تەنیا لایەنی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان هەروەها رایانگەیاندووە لە رابردوودا چەندین نموونە هەبوو لە دەستخستنە ناو کاروباری کۆمسیۆنەوە بەتایبەت لەلایەن حکومەتەوە، کە هەوڵیداوە بۆ سەپاندنی کۆمەڵێک داخوازی، تەنانەت هەندێکیان پێچەوانەی رینماییەکانی کۆمسیۆن خۆیەتی.

# کێ دەیسەلمێنێت نزار خەزرەجی بێتاوانە؟

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوونو شایەتی تۆمەتبارکردنی جینۆسایدی کوردن لەسەردەستی ڕژێمی بەعس، نزار خەزرەجی کە پێشووتر سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووە، بەیەکێک لە بەرپرسە سەرەکییەکانی تاوانەکانی ئەنفالو کیمیاباران دادەنرێتو ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەو کارەساتانەداو هاوکات بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەلایەن دادگاکانی عێراقو دانیمارکەوە داواکراوە، ئەمە لەکاتێکدا ژمارەیەک لە بەرپرسانی کورد پاکانە بۆ ناوبراو دەکەن.

## نزار خەزرەجی کێیە؟

نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ، کە بە نزار خەزرەجی ناسراوە، لە (١٩٣٧/١١/١٧) لە شاری (موسل) لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە، لەساڵی (١٩٥٥)، لەساڵی (١٩٥٦)دا پەیوەندیکردووە بە حیزبی بەعسەوە، دواتر بووەتە فەرماندەی کەرت (آمر فصيل)و پۆل (سرية)، تاوەکو لەساڵانی (١٩٦٦-١٩٦٨)دا چووەتە کۆلێژی ئەرکان، پاشان بووەتە یاریدەدەری فەرماندەی فەوج.

خەزرەجی بۆ ماوەیەک دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی عێراقو کراوە بە (معاون ملحق العسكري) لە باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ، لە سەرەتای ساڵی (١٩٧١)دا دەگەڕێتەوە بۆ عێراقو دەکرێتە فەرماندەی فەوجێکی هێزەکانی تایبەت بەپلەی (نەقیب)، لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) لە سەربازگەی خالید بووە لە کەرکوکو ساڵی (١٩٧٤) بووە بە (ڕائید)و فەرماندەی هێزەکانی تایبەت (قوات الخاصة) لە لیوای (٦٥) لە کەرکوک.

لەساڵی (١٩٧٤)دا بەشداریی تەواوی شەڕەکانی کوردستانی کردووە، دواتریش کراوە بەفەرماندەی لیوای پیادەی (٥)ی هێزی چیا (آمر قوة الجبلية)، ساڵی (١٩٧٨) بە پلەی (موقەدەم) دەکرێت بە فەرماندەی تیپی (٧)ی بنکە لە سلێمانیو پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ (عەقید)و دواتریش کرا بە (عەمیدی ڕوکن)، لەساڵی (١٩٨٤)دا بەپلەی (لیوا)و بە فەرمانێکی سەدام حسێن دەکرێت بەفەرماندەی فەیلەقی (١)، دوای ئەوە کرا بە (فەریق ڕوکن).

لە ساڵی (١٩٨٧) بەفەرمانێکی سەدام دەکرێت بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق،لە ساڵی (١٩٩٠)کراوە بەڕاوێژکاری سەدام بۆ کاروباری سەربازیی، لەساڵی (١٩٩١)دا بووە بە سەرپەرشتیاری هێزی ئەرک ڕاپەڕاندنن لە کوردستان - موسڵو هەردوو فەیلەقەکانی یەکو پێنجی پێدەسپێردرێت، دوای ماوەیەک پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ (فەریقی یەکەم).

خەزرەجی وەکو ڕاوێژکاری سەربازیی سەدام مایەوە تا هەڵاتنی لە عێراق لە (١٩٩٦/٣/١٤)، دوای بەسەربردنی چەند ساڵێک لە ئوردنو ئیسپانیاو چەند سەردانێکیشی بۆ لەندەن، لە ساڵی (١٩٩٩)دا دەگاتە دانیمارک.

نزار خەزرەجی لە (٢٠٠٠/١٠/٣) لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرکرا تاوەکو ڕۆژی هەڵاتنەکەی لەساڵی (٢٠٠٣)دا، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لە ڕێگەی سویدەوە بەرەو سوریاو دواتریش دەچێتە کوردستان، پاش ماوەیەک دەچێتە ئیمارات.

## بەڵگەنامەکان

بەپێی نووسراوێکی (نهێنیو تایبەت) کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووەو ناوو ئیمزای نزار خەزرەجی لەسەرە، باس لە گوللەبارانکردنی (٧) ڕۆڵەی شاری سلێمانی بە بڕیاری (نزار عەبدولکەریم خەزرەجی) فەرماندەی فەیلەقی یەک دەکات، نووسراوەکەی فەیلەقی یەک بۆ نووسینگەی عەلی حەسەن مەجیدی ناردووە. بەگوێرەی ئەو نووسراوە خەزرەجی ئەو حەوت کەسەی لە ڕۆژی (١٩٨٧/٧/٥)دا گوللەبارانکردووە.

هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی دیکە، کە لە نووسینگەی سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقەوە بە ژمارەی (١١٢٢) لە بەرواری (١٩٨٨/٨/٢١)دا دەرچووە، لە (١٣) خاڵ پێکهاتووەو بۆ سەرکردەکانی هەردوو فەیلەقی یەکو پێنجی ناردووە، لەخاڵی یەکەمدا دەڵێت: «دەبێت دەستنیشانی کۆمەڵگەکانی دانیشتووان بکرێت لە ناوچەکانی فەیلەقی یەکو بەتەقەمەنی تایبەتی چڕوپڕ (ضربات خاصة مكثفة) بە (٤٨) سەعات بەر لە دەستپێکردنی هێرشەکە لێیانبدرێت، بۆئەوەی ترسو تۆقینێکی وا لە ریزی دانیشتووواندا بڵاوبێتەوە تاوەکو ڕێگربێت لەوەی کە پاڵپشتیو هاوکاریی تێکدەران (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) بکەن»، هەروەها لەخاڵی چوارەمدا دەڵێت: «ئەو هەلەی کە ئێستا هاتووەتە پێش بۆ لەناوبردنی کاری تێکدەری (لە ناوچەی باکووری عێراق)، باشترین هەلەو لە داهاتوودا لەوجۆرەمان بۆ ڕێکناکەوێت ئەگەر لەگەڵ دوژمن (ئێران) بگەینە ئاشتی یان نەگەین». خەزرەجی لەخاڵی هەشتو یازدەدا بەمشێوەیە ڕێنمایی هەردوو فەرماندەکانی یەکو پێنج دەکات: «بەکارنەهێنانی بەتالیۆنی (جاشەکان) لەهەمان ناوچەی هۆزەکانی خۆیاندا بۆ ڕێگەگرتن لەهاوکاریکردنیان لەگەڵ دانیشتووانی دێهاتەکاندا، ڕێگەی پاداشتو لێپرسینەوە لەگەڵ جاشەکان بەکاربهێننو هەر سەرۆک جاشێکیش دوودڵ بوو لە جێبەجێکردنی کارەکان جیایبکەنەوە». بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە کە لە نووسینگەی خەزرەجیو بە ئیمزای ئەو دەرچووە، بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەک تەنیا بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر بە دانیشتووانی مەدەنی دێهاتەکان لەلایەن خەزرەجییەوە.

دوای ڕاپێچکردنی ئەنجامدەرانی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانی گەلی کورد بۆ بەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بەرپرسە باڵاکانی ڕژێمی بەعس ئاماژە بە ڕۆڵی نزار خەزرەجی لەو تاوانانە دەکەن.

عەلی حەسەن مەجید، لەبەردەم دادوەری (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق)دا، باسی ئەوەیکرد، کە فەرمانی جێبەجێکردنی ئەنفالو وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستانی لە سەدامو نزار خەزرەجی وەرگرتووە. لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٢٣)ی دادگادا باسی ئەوە دەکات کە نزار خەزرەجی بۆ گرتنەوەی شارۆچکەی هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا، داوای ئامادەکردنی (٣٠) هەزار سەربازی لێکردووە.

تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد جبوری، فەرماندەی فەیلەقی یەک لە سەردەمی ئەنفالدا، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە دادگای باڵای تاوانەکان ئەوەی ڕاگەیاندووە کە نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەوکات ڕایسپاردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەنفالی یەکەم، سوڵتان هاشم لەدانیشتنی (٢٠٠٥/٣/٢٠)دا دەڵێت: «لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٨)دا لەگەڵ (نزار خەزرەجی) سەرۆکی ئەرکانی سوپاو یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ چالاکییە سەربازییەکان کۆبووەمەوەو سەرۆکی ئەرکان (دۆسیەی ئەنفال)ی دامیو داوایکرد بچم بۆ سلێمانی، لەکاتی ئەنفالیشدا هەموو فەرمانەکانم لەو دوو کەسەوە بۆ دەهات».

هەروەها تاوانبار سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری، بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازیی، لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی هەمان دادگادا لە (٢٠٠٥)دا دەڵێت: «پلانە گەورەکانی وەک شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاوە دادەنرێت».

تاوانبار حسێن ڕەشید تکریتی، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە هەمان دادگا وتوویەتی: «تاوانبارانی سەرەکی ئەنفال سەدام حسێن، عەلی حەسەن مەجیدو نزار خەزرەجین».

لەلایەکی دیکەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی دانیمارکدا، خەزرەجی باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال (١٨٢) هەزار نییە وەکو کوردەکان خۆیان باسی دەکەن، بەڵکو ڕاستییەکەی ژمارەی قوربانییەکان (٢٥٠) هەزار کەسن، هەروەها دانی بەوەدا ناوە کە دوای ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی یەکەم بە مانگێکو (٥) ڕۆژ لەلایەن (سەدام)ەوە خەڵاتکراوەو مەدالیای (وسام سيف القادسية)و (وسام الرافدين- بدرجة الامتياز)ی پێدراوە.

هاوکات ئەنجومەنی پەناهەندانی دانیمارک لەساڵی (٢٠٠١) داوایەکی خەزرەجی ڕەتکردەوە، کە داوایکردبوو مافی پەنابەرێتی پێبدرێت، ئەنجومەنەکە پێیوایە، خەزرەجی بەرپرسارێتی تەواو و بەشداریی چالاکانەی ئەنفالو کیمیابارانو وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستانی کردووەو تۆمەتبارە بەتاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی مەدەنی کوردو تاوانباری جەنگە.

جگە لەو بەڵگەنامانەی سەرەوە، نزار خەزرەجی لە چەند دیدارو چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق هەموو کارێکی کردووە.

عومەر محەمەد، بەرپرسی ناوەندی چاک لە کوردستان ڕایگەیاند: «بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە دەست ناوەندەکەمان کەوتووەو بەپێی بەڵگەنامەکان جگەلەوەی دادگای باڵای تاوانەکانو دادگای دانیمارک فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکردووە، نزار خەزرەجی کە لەکاتی هەڵمەتەکانی جینۆسایدی کورددا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو، تۆمەتبارێکی ئەو تاوانانەیەو دەبێت بدرێتە دادگاو سزابدرێت».

هەروەها وتیشی: «ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو دەسەڵاتدارانی عێراق پێیانوایە، خەزرەجی پیاوێکی شەریفو بەڕێزەو کەسێکی نیشتمانپەروەرو بێتاوانە، بۆ نەیانهێنایەوە بۆ عێراقو نایدەنە دەست دادگا، من ئەو پرسیارەیان لێدەکەم، بۆ خەزرەجیان لە یاسا شاردووەتەوەو نایخەنە بەردەم دادگاو تا لە دادگا بەپێی یاسا داکۆکی لێ بکەن؟».

## دادگا بەدوای خەزرەجیدا دەگەڕێت

نزار خەزرەجی لە هەردوو دادگای دانیمارکو عێراق داواکراوە بەمەبەستی داداگاییکردنی، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقو دادگای دانیمارک بەدوای ناوبراودا دەگەڕێنو تائێستا چەندجارێک داوایان لە چەند وڵاتێک کردووە بۆ تەسلیمکردنەوەی، بەڵام تۆمەتباری لە یاسا هەڵاتوو خۆی شاردووەتەوە.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامە عارف شاهین، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ڕایگەیاند: «نزار خەزرەجی تۆمەتبارە لە دۆسیەی ئەنفالداو پێویستە دەستگیربکرێتو بهێنرێتە بەردەم دادگا بۆ لێپێچینەوەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا»، ئاماژەی بەوەشکرد، بەر لە سێ ساڵو لە دەستپێکی لێکۆڵینەوەی دادگا لە دۆسیەی ئەنفالدا، بڕیاری دەستگیرکردنی نزار جەزرەجی دەرکراوە وەک یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ئەو تاوانەو دادوەرانی لێکۆڵینەوەش بەردەوامن لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی باڵای دادگای عێراقیو پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئەنتەرپۆڵ) بەمەبەستی دۆزینەوەی لە هەر وڵاتێکدا بێت تا بگەڕێنرێتەوە بۆ عێراقو وتیشی: «چەندین وڵاتی وەک دانیمارکو ئیسپانیاو ئیماراتی عەرەبیمان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەگەر خەزرەجی لەو وڵاتانە بێت ڕادەستی عێراقی بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی داواکاری گشتی دانیمارکمان دوواندووەو جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەوانیش وەک دادگای دانیمارک بەدوای خەزرەجیدا دەگەڕێنو لەلای ئەوانیش داواکراوە».



خەزرەجی لەکاتی هەڵمەتی ئەنفالدا لە گۆپتەپە

## ئەوانەی پشتگیریی لە خەزرەجی دەکەن

لە ژمارە (٥١٦)ی (٢٠٠٩/٧/٢١)ی ڕۆژنامەدا چەند بەڵگەیەک بڵاوکرانەوە کە هەریەک لە ( جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی، فوئاد مەعسوم، بەرپرسی پێشووتری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیو دڵشادمیرانی، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، پاکانەیان بۆ نزار خەزرەجی، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای عێراق کردووەو بە کەسێکی نیشتمانپەروەر وەسفیانکردووەو نامەیان بۆ وەزیری دادو دەسەڵاتدارانی دانیمارک ناردووە کە گوایە ناوبراو بێتاوانەو دەستی نەبووە لەو تاوانانەی کە حکومەتو سوپای عێراق لەساڵەکانی (١٩٨٧-١٩٨٨) لە کوردستاندا ئەنجامیانداون.

# نامەیەک لە خەزرەجییەوە بۆ گەرمیانو هەڵەبجە

**هەستیار قادر**



لەدوای سڵاو، من لیوا ڕوکنی یەکەم (نزار عەبدولکەریم)م ناسراوم بە (نزار خەزرەجی)، لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە بیرم لە نووسینی ئەم نامەیە کردووەتەوە بۆ ئێوەی ئازیز، دەزانم بەهەڵەدا چوون، من ئەبو ئەنفال نیم بۆ گەرمیانو ئەبوخەردەلی هەڵەبجەش نیم، ئەها سەکردەکانتان وادەڵێن، ئەوە من نەبووم شمشێرەکەی مەعاویەم کرد بە عەلییەکانی گەرمیاندا، ئەوە ورگی خۆتان بوو لە ئاسوودەییو خۆشگوزەرانیدا هێندە گەورەبوو شمشێرەکەی قوتدا، ئەوە من نەبووم بە شۆفڵو دەبابەوە خانووە گڵێنەکانتانم ڕووخاند، ئێوە خۆتان لە شارستانی نازاننو خانووی تەجاوزتان لەسەر ڕێگای پیرۆزی ئەنفال دروستکرد، بۆیە ڕووخان، ئەوە من نەبووم ئێوەم ڕاپێچی عەرعەرکرد، خۆتان بەخۆتان بن، بە هەڵەداوان خۆتان کوتایە نێو زیلەکانی جیم جەیشەوە تا بەهەشتی عروبەی عەرعەر ببیننو دواتر لە جەهەننەمی ژێریدا گیرسانەوە، خۆ قیژەی منداڵەکانی گەرمیان لە ترسی من نەبوو، ئەوە حیلکەی پێکەنین بوو، دەیانزانی من بابانوئێلی دوا کریسمسی تەمەنیانم، کێ دەڵێت من کانیاوەکانی گەرمیانم کوێرکردەوەو کەوباڕەکانیشم بە تۆمەتی سیخوڕی بەرەو دیوی ئێران ڕاونا، من خوازیاربووم لەبری کانیو تاڤگە، ڕووبار، زەریا لەگەرمیاندا دروستبکەم، بەڵام بودجەکەمان کورتی هێنا، کوردی خۆشباوەڕ پێیوایە من ڕەزو باخی گەرمیانم سووتاندووە؟ نا براگەل ویستم بۆڵێک ترێ بخۆم، دەستم نەگەیشت بە هێشووەکە، لە ڕەگەوە هەڵمکێشا.

تۆش هەڵەبجە با پێتبڵێم فرۆکەوانەکە درۆیکرد، ئەو پیاوە بەریتانییەو خەڵەفاوە، من نەبووم لەلای خودا ڕاپۆرتم لە دانیشتووانەکەتدا تا لیژنەیەکی پڕپڕ لە ئیزرائیلیان بۆ بنێرێت، ئەوە خۆتان بوون حەزتان لە بۆنی سێوو خەوی ئەبەدی دەکرد، ئەوەی ئێوە باسی دەکەن ئێران کردی نەک دەستی من، سەیر دەبێت باسی ئەو دوو سندوقە سێوە بکەن کە لە ١٩٨٨/٣/١٦ لە فڕۆکەیەکی ڕەنگ خاکیەوە هەڵمدایە خوارەوە، خودا ها بەسەرەوەو دەزانێت سوبعەتمکرد، بەڵام ئێوە کردتان بە ڕاستو (٥) هەزار کەستان خۆیان کرد بەخەوتوو، ئەرێ سوچی من چییە هەتا ئێستا خەبەریان نابێتەوە؟

وەڵڵا سەیرە، دەڵێن عومەری خاوەر سوبعەتەکەی کردووە بەڕاستو کۆرپەکەی ژێرخۆی ناوەو ڕاست نابێتەوە، خەجاڵەتم، نەمزانی گەلێکن گەمە نازانن.

بۆ زانینی وردەکاریی ئەم ڕاستییانە لە عەلی کیمیاییو سوڵتان هاشم بپرسن، ئەها ئەوە نییە ئەوانیش هەر لە ژیاندان، ئەی بۆ سەرکۆنەی من دەکەن، خۆ وامزانی شیعەئاسا بۆ نەوڕۆزێک لە هەڵەبجەو ئاغجەلەردا بە جیا ملیانکردوون بە پەتدا.

دەڵێن دادگایەک لەبەغدا من بە ئەنفالچی دەزانێت، توبیو خودا گوێی لێمەگرن، ئەوە شۆفێنیستی عەرەبییەو بەعس کلکی لەگەڵ گرێداوە، تۆمەتم بۆ دروست دەکەن، بۆئەوەی برایەتیمان تێکبدەن، بڕوامەکەن، ئەوە دادگای حیزبی خۆتانە ئەستۆپاکی بۆ پڕکردمەوەو لەئاست هەڵەبجەو ئەنفالدا منی کردە پەپولەی بەهەشتو مەڕی خودا.

من لە چاوەڕوانی وەڵامتان زیاتر بیر لە ئەنفالو کیمیاباران دەکەمەوە، بەڵکو شتێکی دیکە بێت بە بیرمداو خەتای سەر ملی ئێوە زیاتر بکات، ئەگەر گەڕاشمەوە وڵات، دڵنیابن لە کۆشکێکی کوردستاندا دیوەخانێک گەرمدەکەم، ئەوسا وەرن چیرۆکی کیژۆڵەکانی تۆپزاواو بارەسێوی هەڵەبجەتان بۆ دەگێڕمەوە.

hastyar78@yahoo.com

### سەرۆکی دوو حیزبی کوردستانیی:

# کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بێلایەن نییە


فۆتۆ: بەهادین یوسف

سیروان عەول

سکرتێری دووحیزبی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆکان بە «لایەنداریی» تۆمەتباردەکەن‌و بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنیش ڕەتیدەکاتەوە کە بێلایەن ببن‌و لەلایەن دەسەڵاتەوە فشاریان لەسەربێت.

لەمیانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمدا لیستە جیاوازەکان جگە لە یەکێتی‌و پارتی، ڕەخنەی توندیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گرت، بەوەی کە لەو پرۆسەیەدا بێلایەنی خۆیان نەپاراستووە.

لەوبارەیەشەوە محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ئەندامی لقی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستانەو وتیشی: «بەدڵنیاییەوە کۆمسیۆن بێلایەن نییە لەبەرئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمسیۆنی هەرسێ پارێزگاکە تەزکیەی حیزبییان هەیەو ئەوکەسەی حیزبیی بێت بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بێلایەنی بەرامبەر حیزبەکەی خۆی بسەلمێنێت».

لەبەرامبەردا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوەو تاهیر محەمەد، بەڕێوبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، وتی: «کارکردن لە کۆمسیۆن بەشێوەیەکی بێلایەنانەیە، ئەم کارکردنەش لەسەر بنەمای سوێندخواردنی کەسایەتییەکانی ناو کۆمسیۆن نییە، بەڵام دەبێت ئەخلاقییانەو نابێت ئەوکەسەی لە کۆمسیۆن کاردەکات بە بێلایەنی ئیش بکات».

بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن ڕوونیکردەوە کە سیستمی کارکردنی کۆمسیۆن ڕێگە بە کەسەکانی نادات لایەنگریی بکەن‌و وتی: «ئەو مامۆستاو پارێزەرانەی لەناو کۆمسیۆندا کاردەکەن ئەگەر لە کارەکانیاندا بێ لایەن نەبن بەپێی مادەی (٥٧) لە یاسای پەرلەمان‌و پەیڕەوی کارکردنی کۆمسیۆنیش تووشی سزا دەبن».

لەکاتێدا کە چاودێرە بیانییەکان ئاماژەیان بە خروقات‌و ساختەکاریی نێو پرۆسەی هەڵبژاردن کرد، بەڵام بەرپرسانی کۆمسیۆن هەمیشە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە «باشترین‌و پاکترین» هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوەچووە.

> «کۆمسیۆن بەهیچ شێوەیەک بێلایەن نییەو بەپێی ئەو یاسایەی کۆمسیۆنی پێدامەزراوە دەبێت سەربەخۆبێت‌و بەپێی ناوەکەی کە هاتووە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵام کۆمسیۆن پێکهاتەیەکی حیزبیەو سەربەخۆ نییەو نوێنەرانی کۆمسیۆن لە حیزبە گەورەکان پێکهاتووەو سەرۆکەکەی پارتییە، هەروەها سەرۆکی ئۆفیسەکانی هەرسێ پارێزگاکە پارتی‌و یەکێتین»

هاوکات قادرعەزیز، سەرۆکی قەوارەی ئایندە لە لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی، ڕایگەیاند: «کۆمسیۆن بەهیچ شێوەیەک بێلایەن نییەو بەپێی ئەو یاسایەی کۆمسیۆنی پێدامەزراوە دەبێت سەربەخۆبێت‌و بەپێی ناوەکەی کە هاتووە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵام کۆمسیۆن پێکهاتەیەکی حیزبیەو سەربەخۆ نییەو نوێنەرانی کۆمسیۆن لە حیزبە گەورەکان پێکهاتووەو سەرۆکەکەی پارتییە، هەروەها سەرۆکی ئۆفیسەکانی هەرسێ پارێزگاکە پارتی‌و یەکێتین».

پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە سێ لایەن پێکهاتووە کە (٩) کۆمیسیارەو سێ شیعەو سێ سوننەو دوو کوردو یەک تورکمان.

قادر عەزیز ئاماژەی بەوەشدا کە بەوپێیەی ئەو نوێنەرانەی کۆمسیۆن ئینتیمای حیزبییان هەیە ناتوانن بێلایەن بن، لە بنەڕەتیشدا دانانی کەسی حیزبیی لە کۆمسیۆندا هەڵەبووە».

یەکێک لەو گومانانەی دیکە کە لەلایەن لیستە جیاوازەکانەوە لەسەر کۆمسیۆن دروستبووە، دۆسیەی بەدواداچوونی کۆمسیۆنە لەسەر گازندەو سکاڵاکان‌و سەرۆکی قەوارەی ئایندە وتی: «من هیچ بڕوایەکم بەوە نییە کە کۆمسیۆن بتوانن بەدواداچوون بۆ سکاڵاکانی ئێمە بکەن».

# نزیکەی هەزار زیندانیی عەرەبی کەرکوک لە گرتووخانەکانی ئەمریکادان

ئارام جەمال

ئێستا نزیکەی هەزار هاوڵاتی عەرەبی پارێزگای کەرکوک کە بە تۆمەتی کردەوەی تیرۆرستی‌و تۆمەتی جۆراوجۆر دەستگیرکراون لە گرتووخانەکانی ئەمریکادان‌و بەرپرسانی عەرەبیش لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە هەوڵی ئازادکردنی ئەو دەستگیرکراوانەدان.

محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی کوتلەی گردبوونەوەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی عەرەب لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا بە تۆمەتی کردەوەی تیرۆرستی‌و هاوکاریکردنی گروپە توندڕەوەکان‌و تۆمەتی جۆراوجۆر دەستگیرکراون، لە سەرەتاشەوە بەشێکی زۆری ئەو دەستگیرکراوانە ڕەوانەی گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان کرابوون، بەڵام «لەئێستادا ژمارەیان نزیکەی هەزار کەسە کە تائێستا لە گرتووخانەکانی هێزەکانی ئەمریکادا ماون».

لەبارەی هەوڵی کوتلەکەیان بۆ ئازادکردن‌و بەدواداچوونی دۆسیەی ئەو دەستگیرکراوانە جبوری ڕایگەیاند: «هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی ئازادکردنیان بووین‌و بەردەوامیش بەدواداچوونمان کردووە بە هاوکاری تیمی (PRT) لە کونسوڵخانەی ئەمریکا لە کەرکوک توانراوە ژمارەیەکی زۆریان لێ ئازاد بکرێت‌و ئازادکردنیشیان بە قۆناغ بووە، هەروەها ئێستاش بە هاوکاری ئەو تیمە لە هەوڵی ئازادکردنی ئەو ژمارەی دەستگیرکراوانەداین یاخود گواستنەوەیان بۆ زیندانە عێراقییەکان کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەمنیی (عێراق ـ ئەمریکا) دەبێت سەرجەم دەستگیرکراوە عێراقییەکان ڕادەستی هێزە عێراقییەکان بکرێن.

لەبارەی مامەڵەی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەو دەستگیرکراوانەدا سەرۆکی کوتلەی عەرەبی کەرکوک ڕایگەیاند: بەپێی سەردان‌و بەدواداچوونەکانمان مامەڵەی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵیان باشەو بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ‌و بە چاودێریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەناویاندا ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەناو گرتووخانەکاندا هەموو پێداویستییەکی ژیانیان بۆ دابینکراوە.

# چۆن کۆنترۆڵی پەیوەندییەکان دەکرێت؟

ستارە عارف

لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیاکانی پەیوەندی کۆمەڵێک خزمەتگوزارییان هەیە، خراپ بەکارهێنانیشی زیانی زۆرە، لەوانە گوێزانەوەی پەیوەندی «تحویل مکالمات» لە بەشداربووەیەکەوە بۆ بەشداربوویەکی دیکەی ئەو کۆمپانیایە کە هاوڵاتیانی هەراسان کردووە.

حەمید بانەیی، لەبەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەبێت بەشداربوو خۆی سکاڵا بۆ دادوەر بەرزبکاتەوەو ئەوانیش ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوەو ئاسیاسێڵ لەکاتی ئاگادارکردنەوەی دادوەردا تەنیا زانیاری دەدات، کێ بەو کارە هەستاوەو کێ خاوەنیەتی‌و ڕێوشوێن وەرگرتن لە دەستی دادوەردایە، خەڵک خۆی بە مۆبایلی خۆی «تحویل مکالمات» دەکات پەیوەندی بەئێمەوە نییە، ئەمە یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی ئاسیاو لە حاڵەتەکانی نەبوونی کارت یان شەحندا ڕوودەدات، دەبێت خەڵک خۆی بچێتە بەردەم یاساو دادوەرو سکاڵا بکات، ئەو کاتە دادوەر ڕێوشوێن دەگرێتەبەرو ئێمە هیچمان پێناکرێت»

هەر لەو بارەیەوە ڕێبوار مستەفا، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم لە سلێمانی، وتی: «کۆمپانیاکەمان لەگەڵ کۆمپانیای جیهانیدا گرێبەستی هەیەو کۆمەڵێک بڕگەیان هەیە کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەم کۆمپانیایە نادات بەو کارانە هەستێت‌و دەسەڵاتیشی نییەو بۆ سومعەی کۆمپانیاکەش باش نییەو ئەم کارە لەمۆبایلی کەسەوە دەکرێت، بەڵام چونکە لە سیستەمەوە ناکرێت ئەمەیان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییەو دەبێت تاک نەهێڵێت وا لە مۆبایلەکەی بکرێت، چونکە ئەم خزمەتگوزارییە لە کۆمپانیاوە دەدرێت بەهاوڵاتی‌و کەس ناتوانێت ژمارەی کەس بۆ مۆبایلی کەسێکی دی بگوێزێتەوەو ئەگەر لە دەرەوەی کۆمپانیاشەوە بکرێت، بەشداربوو خۆی لێی بەرپرسیارە کە نەهێڵێت مۆبایلەکەی وای بەسەر بێت.

سەرچاوەیەکیش لە کۆمپانیای ئاسیا ئاماژەی بەوەدا کە بەشداربوو دەبێت داوا لەسەر کەسەکە قەید بکات کە پەیوەندییەکەی گواستووەتەوەو لە پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمپانیادا هیچ بڕگەیەکی تایبەت بەپاراستنی مافی هاوڵاتی بەتایبەتی لەحاڵەتی «تحویل مکالمات»دا نییە، تەنیا چارەسەر بەرزکردنەوەی سکاڵاو داوایە کە لە دادگا داوامان لێدەکرێت ئاسیاسێڵ زانیاریان بۆ بنێرێت.

ژمـارە (524) دووشەممە 2009/8/3
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

## گۆڤاری ئیکۆنۆمیست

# لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەندێک کەس (٢٠) جار دەنگی داوە

نامۆ عەبدوڵڵا



فۆتۆ: بەهادین یوسف

گۆڤاری ئیکۆنۆمیست بڵاویکردەوە ئەزموونی دوو دەیەی دیموکراسی کوردەکان هەنگاوێکی گرنگی بڕی. بۆ یەکەمجار پەرلەمانی هەرێمەکەیان لە هەولێر دەبێتە خاوەنی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە، بزووتنەوەی گۆڕان، کە پێکهاتووە لە گروپێکی بانگەشەکەری کۆمەڵگەی مەدەنی، نزیکەی چارەکی کورسییەکانیان بردووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە تەنیا (١٥٪)ی کورسییەکانیان بەدەستهێناوەو چیتر نایەڵێت پەرلەمان بێ دەسەڵات بێت.

گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی نووسیویەتی «لە کوردستان هەڵبژاردن زۆر دوورە لەوەی بە هەڵبژاردنێکی کامڵ دابنرێت. لیستی ئۆپۆزسیۆن نارەزایی دەردەبڕێت کە خروقات بەشێوەیەکی بەرفراوان کراوە. لە وێستگەکانی دەنگداندا پیاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە بیست جار دەنگیان دابێتو تائێستا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کە لە ژێر کۆنترۆڵی دوو پارتە کۆنە دەسەڵاتدارەکەدایە، هیچ هەنگاوێکیان نەناوە».

پاشان راپۆرتەکە بەردەوام دەبێتو دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەش، گۆڕان دەنگی زۆر باشی هێناوە. ئەنجامی ئەمە بەوە شکایەوە، کە هاندەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشیانکردە سەر ئۆفیسەکانی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانیان لە هەولێر. دەوترێت کەسێک کوژراوەو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون».

هەروەها لە راپۆرتەکەدا ئیکۆنۆمیست باس لە سیستمی سیاسی ئێستای کوردستان دەکات، تیایدا هاتووە: «هێشتا سیستمە کۆنەکە، کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، رەنگە تێکبشکێت. دەسەڵاتی دوو خێڵەکە، بەتایبەتی ئەوەی تاڵەبانی لاواز بووەو رەنگە یەکێتی هەر بتوێتەوەو مونافسە کۆنەکەی تاڵەبانیو بارزانییەکان،ماڵو سامانیان بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە».

# هێرشی نوێ، بۆمب چاندن لە عێراق

جەمال ئیختیار

تەقینەوەی بۆمب لەنزیک مزگەوتە شیعەکان لە بەغدا دەبێتە هۆی کوشتنی دەیان کەسو بریندارکردنی سەدان کەسی دیکە کە بەشدارییان لە نوێژی هەینیدا کردبوو.

ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس بڵاویکردەوە: لەتەقینەوەی بۆمبدا لەنزیک مزگەوتە شیعەکان کە سەرگەرمی ئەنجامدانی مەراسیمی ئاینیی رۆژی هەینی بوون (٢٩) کەس بوونە قوربانیو نزیکەی (١٤٠) کەسیش لەو رووداوەدا برینداربوون.

خوێناویترین تەقینەوە لە شارۆچکەی ئەلشاب لە باکوری رۆژهەڵاتی بەغدا بووە کە بووەتەهۆی کوشتنی (٢٣)کەسو برینداربوونی (١٠٧) کەسو زۆربەی بەرکەوتوانیش لە لایەنگرانی موقتەدا سەدر بوون.

ئاژانسەکە بڵاویکردەوە: «نوێژخوێنەکان پێشتر پۆلیسیان لە بوونی سەیارەیەکی گوماناوی (ڤۆلکس واگۆن) مۆدێل (١٩٨٠) ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام پۆلیس وتویەتی کە مەترسییەک لە رێگەدا نییەو بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە تەقینەوەکە روویداوەو لانیکەم سێ کەس لە قوربانییەکان بە تەقەکانی پۆلیس لە دوای تەقینەوەکە کوژراون». لە دوو تەقینەوەی دیکەدا لە نزیک پردی دیالە لە مزگەوتی ئەلرەسوڵو ئەدهەم پێنج کەسی دیکە کوژراونو کارا نەبوونی پۆلیسیش وای لە هاوڵاتیان کردووە کە ببێتە دەمەقاڵەیان لەگەڵ پۆلیسو داوایان لێبکەن کە ناوچەکە بەجێبهێڵن.

لەو چەند مانگەی دواییدا هێرش بۆ سەر شیعەکان کە زۆرینەی دانیشتووانی بەغدا پێکدەهێنن چڕکراوەتەوەو مەترسی ئەوەی دروستکردووە کە بارودۆخی ناسەقامگیریی پێشوو کە ماوەیەک بوو باشبوونی بەخۆیەوە بینیبوو بگەڕێتەوە.

هێرشەکان، مانگێک دوای ئەوە روودەدەن کە هێزەکانی ئەمریکا لەچوارچێوەی رێککەوتنی ستراتیژیی ئەو وڵاتە لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ کشاندنەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، لە شارەکانو ناوچە مەدەنییەکانی ئەو وڵاتە دەرچوونو لەسەرەتای ئەو پرۆسەیەشدا گومانی زۆر هەبوو لەسەر ئەوەی کە توندوتیژیی بگەڕێتەوە.

پێشتر لە ساڵانی (٢٠٠٦)و (٢٠٠٧)دا توندوتیژیی گیانی سەدان کەسی کردە قوربانیو عێراقی تا لێواری شەڕی ناوخۆ ئاڵۆز کردبوو، بەڵام لەدوای گۆڕان لە سیاسەتی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا دۆخەکە تا رادەیەک ئارامی بەخۆیەوە بینیبوو، چاودێرانیش پێیانوایە کە قاعیدە لە دەرفەت دەگەڕێت بۆ دروستکردنی ناکۆکی قوڵ لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بە تایبەتی سوننەو شیعە تا بە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە عێراق شکست بە ئەمریکا بهێنێت.

رۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە، ئەگەرچی هێرشەکان کەمبوونەتەوە، بەڵام تا ئێستاش هێزەکانی عێراق رۆژانە دەکەونەبەر پەلامارو مەبەستی هێرشی بۆمبیش کە زیاتر مەدەنییەکان دەکاتە ئامانج، دروستکردنی ناکۆکیو لەناوبردنی دەسکەوتە سیاسییەکانو ئەوەیە کە هێزەکانی ئاسایش لە عێراق ناتوانن هێمنی دابین بکەن، دوای ئەوەی هێزە ئەمریکاییەکان کشانەوە بۆ دەرەوەی شارەکان، پشتیوانیی ئەوان بۆ هێزە عێراقییەکان کەمبووەتەوە.

کۆلێنێلی ئەمریکی، توبین گرین بە رۆژنامەنووسانی وتووە کە بەشێکی توندوتیژییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە زیاتر پاڵنەری سیاسی لەپشتە.

پێشتر کۆلێنێل تیموتی ریز لە تیمی راوێژکاری ئۆپەراسیۆنەکان وتبووی، هێزەکانی عێراق تا ئەو ئاستە بەهێزبوون کە بتوانن کونترۆڵی بارودۆخەکە بکەنو هێزەکانی ئەمریکا پێش ساڵی (٢٠١١) دەتوانن عێراق بەجێبهێڵن، بەڵام توندوتیژییە تازەکان گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە دروستدەکەن.



# دەنگدانەوەی میدیایی

# پێگەی یەکێتیو پارتی لە عێراقیشدا لاوازدەبێت

شالاو فەتاح

سەردانەکەی مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ شاری سلێمانی بووەتە جێی سەرنجی میدیای جیهان، هەندێکیان سەردانەکە بە «ئیجابی» لەقەڵەمدەدەنو پێیانوایە سەرەتای دەستپێکردنی «دیالۆگ»ە لەنێوان هەرێمو ناوەندا، هەندێکی دیکەیان پێیانوایە هـۆکـاری سەردانەکە «بە بنبەستگەیشتن»ی کێشەکانی نێوان هـەرێـمو نـاوەنـدە، هەموو راپۆرتەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە «فشاری ئەمریکا» بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ناوەندو هەرێم پێش کشانەوەی تەواوی ئەمریکا لە عێراق وای لە مالیکیو سەرکردە کوردەکان کـردووە گفتوگۆ دەستپێبکەن، چونکە ئەو کێشانە پێویستیان بە چارەسەری «دەستبەجێ» هەیەو ئەمریکاش نایەوێت عـێـراق «نا بەپرسیارانە» جێبهێڵێت.

## هۆکاری سەردانەکە بەبنبەستگەیشتنی کێشەکانە

ئاژانسی فرانس پرێس (ئەی.ئێف.پی) لە راپۆرتێکدا باس لە سەردانەکەی مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات بۆ شاری سلێمانی، (ئەی.ئێف.پی) دەنـووسـێـت سەردانی خۆیدا بۆ هەرێمی کوردستان، نوری مالیکی سەردانی سلێمانی دەکاتو لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە کۆدەبێتەوە، مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، دەڵێت: «نوری مالیکی لە هاوینە هەواری دوکان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە». لە راپۆرتەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە لە ناوخۆی عێراقدا سەردانەکە بە ئیجابی لێکدەدرێتەوە وەک مەحمود عوسمان سەردانەکەی مالیکی بە «ئیجابی» نـاودەبـاتو دەڵێت: «ئەم سەردانە زۆر ئیجابییە، چونکە دەبێتەهۆی دروستکردنی دیالۆگ لەنێوان دوو حیزبەکەدا کە لە بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندیو هەرێمیشە». سەردانەکەی مالیکی دوای سـەردانـی جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ بەغداو سەردانی رۆبەرت گەیتسی وەزیری بەرگری ئەمریکا دێت بۆ هەولێر، لەکاتێکدا خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم سەردانانانە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمە، چونکە ئەمریکا دەیەوێت پێش کشانەوەی تەواوی لە عێراقدا کێشە گەورەکانی عێراق بەتایبەت کێشەی نـاوچـە جێناکۆکەکان چارەسەربکات.

## هەمووان ئامادەی شەڕن لەسەر کەرکوک

رۆژنـامـەی زە نـاشـنـاڵ لە راپۆرتێکدا دەربـارەی کێشەکانی ناو عێراق، بەتایبەت کێشەی نێوان عەرەبو کورد دەنووسێت، کێشە کپکراوەکانی نێوان کوردو عەرەبی عێراق دووبارە دەردەکەونەوە، (زە ناشناڵ) لەسەر زاری سەرۆک خێڵە عەرەبەکانەوە دەنووسێت «ئێمە پارێزگاری لە مافی خۆمان دەکەینو بـەشـداری شـەڕدەکـەیـنو لایەنی سوپای عێراق دەگرین، چی دەبێت با ببێت». لە بەرامبەرداو لەسەر زاری کوردەکانەوە دەگوازێتەوە کە «ئەگەر دبلۆماسییەت ئیشینەکرد، دەبێت ئامادەی ئەرکی پێویست بین، پێموایە خەڵکی ئێمە ئامادەیە بۆ ئەم ئەرکەش». بەرزبوونەوەی ئەم کێشانە لەپاش دەرکردنی دەستووری کوردستان دێت کە کەرکوکی وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان ناساندووەو داوای ریفراندۆمیش کێشەکانی قوڵتر کردووەتەوە، لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا زە ناشناڵ بە وەرگرتنی رای چەندین کەس ئەوە رادەگەیەنێت کە دانیشتووانی ئەو ناوچانە دژی هەڵگیرسانی شەڕن لە ناوچەکەیانداو دەیانەوێت کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەربکرێن.

## کورد، ئامانجە دواخراوەکان زیندوودەکاتەوە

رۆژنـامـەی سێنترال کرۆنیکڵی ئینگلیزی زمانی هیندی لە راپۆرتێکدا دەربارەی کێشەکانی کورد لە عێراقدا دەنووسێت «کـوردەکـان دووبـارە رووبەڕووی کێشەی گەورە دەبنەوەو ئامانجە گـەورەکـانـی کـورد وەک سەربەخۆییو بەدەستهێنانەوەی کەرکوک بوون بە مەحاڵو لە دۆخی ئێستای عێراقدا بەدەستهێنانیان گـرانـە»، رۆژنامەکە دەنووسێت، هەرچەندە کوردەکان لە ناوخۆدا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە، بەتایبەت بەهۆی دەرکەوتنی ئـۆپـۆزسـیـۆنـی راسـتـەقـیـنـە لـەم هەڵبژاردنەی دواییدا، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمیی، رووبەڕووی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانو دابەشکردنی سامانی نەوت دەبنەوە.

دواتر رۆژنامەکە باس لە کێشەی دەستووری کوردستان دەکـات کە نەتوانرا راپرسی لەسەربکرێت لە رۆژی (٧/٢٥)و لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا، گوایە «ئامادەیی تەکنیکی» نەبووە بۆ ئەو هەنگاوە وەک فەرەج حەیدەری، سـەرۆکـی کـۆمـسـیـۆنـی بـاڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، رایگەیاند.

لە کۆتاییدا راپۆرتەکە ئاماژە بـەوە دەدات کە باشترین کات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی کوردەکان ساڵی (٢٠٠٣)و کاتی داگیرکاری ئەمریکییەکان بـوو، بـۆ ئەمەش دەبـوو ترسیان لە پێکدادان لەگەڵ ئەمریکییەکان نەبێت، بەڵام بەهۆی ترس لە تورکەکانەوە ئەم هەنگاوە نەنراو ئێستا لەپاش زیندووبوونەوەی سـوپـای عـێـراقو پشتبەستن بە بودجەی حکومەتی ناوەند زیندوو دەکرێنەوە.


تاڵەبانیو مالیکی
فۆتۆ: AP

## پێگەی یەکێتیو پارتی لە عێراقدا جێی پرسیارە

سایتی (بی.بی.سی) راپۆرتێک دەربـــارەی کـێـشـەکـانـی دوای هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی کوردستان بـڵاودەکـاتـەوە. دەنـووسـێـت: هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی کوردستان کۆتایی بە وەستانی سیاسیو حوکمی دوولایەنەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان هێنا، بـەڵام کۆمەڵێک کێشەی نوێ هەیە کە دەبێت رووبـەڕووی ببنەوە. (بی.بی.سی) ئاماژە بۆئەوە دەکـات، بەهۆی ئۆپۆزسیۆنەوە ئـەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی «زیندوو»بووەو خەڵکی کوردستان دڵخۆشبوون بە دیموکراتیبوونی هەڵبژاردنەکەو «پیرۆزبایی»یان لەیەک کردووە. هەڵبژاردنەکە نەک هـەر پرسیاری لـەسـەر حوکمی دوو حیزبەکە لـە کوردستاندا دروستکردووە، بەڵکو بووەتەهۆی گومان دروستکردن لەسەر پێگەی ئەو دوو حیزبە لە عێراقدا، چونکە ئێستا سەرۆک کۆماری عێراق لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، لەکاتێکدا لە پێگەی بنچینەی خۆیداو لە شاری سلێمانی نەیتوانی زۆرینە بەدەستبێنێت، (بی.بی.سی) لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا دەنووسێت، لەپاش هەڵبژاردنو کشانەوەی هێزەکانی ئـەمـریـکـا، حکومەتی هـەرێـمو ناوەند چەندین کێشەی گەورەیان لەنێواندایە، وەک کێشەی نەوتو ناوچەجێناکۆکەکان کە دەبێت بەزوویی چارەسەربکرێن.

## بارزانی بێ پشتگیریی هەرێمیو نێودەوڵەتی شەڕی کەرکوکی پێناکرێت

رۆژنـامـەی تـەهـران تایمزی ئێرانی، لە راپۆرتێکدا بـاس لە کێشەکانی نێوان مالیکیو مەسعود بـارزانـی دەکـات، تـەهـران تایمز دەنووسێت، بارزانی داوای کەرکوک دەکاتو لەکاتێکدا مالیکی پشتگیریی هەرێمیی ریازو تارانو دیمەشقی هەیە بـۆ رووبـەڕووبـوونـەوەو بەرپەرچدانەوەی ئەم داواکارییە، لەکاتێکدا بارزانی هیچ پشتگیرییەکی هـەرێـمـی نییە، جگە لـە خەڵکی کـوردسـتـان، ئەمریکاش چیدی هـاوپـەیـمـانـی کـورد نییە لـەو کێشەیەدا، پێشترو لە زەمەنی هێنری کەیسنجەردا ئەو پشتگیرییە هەبوو، بەڵام ئێستا نەماوە لە دوا بەشی راپۆرتەکەیدا تەهران تایمز دەڵێت: «بارزانی هەرگیز مەبەستی بردنەوە نەبووە، هێندەی مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی ئەمەریکا بووە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەرکوکیش بەبێ پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی یان هەرێمیی بردنەوەی زەحمەتە».


بارزانیو مالیکی
فۆتۆ: AP

## هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری تۆڕی شەمس:

# ئەگەر ڕاپۆرتەکانمان لەبەرچاونەگیرێت، هەڵوێستمان دەبێت لەسەر سەربەخۆبوونی کۆمسیۆن

بەرهەم عومەر

**تـۆڕی شەمس لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان بە سەدان چاودێر بەشداریکرد، تیایدا سیستمێکی نوێیان بەکارهێنا بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، کە یەکەمجارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکاربهێنرێت، کە ناسراوە بە (سیستمی PVT)، کە تیایدا بە خێراییەکی بەرچاو دەتوانێت زانیارییەکانی ڕێژەی بەشداریکردنو چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بە هاوڵاتییان بگەیەنرێت.**

**هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری تۆڕی شەمس لەم دیدارەدا باس لەوە دەکات، کە ڕێساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن یەکێک بووە لە ئاستەنگەکان لەبەردەم کارایی بەکارهێنانی سیستمی (PVT)، بەوپێیەی ڕێگە نەدراوە چاودێرەکانیان مۆبایل لەناو وێستگەکانی دەنگداندا بەکاربهێنن.**

**ڕۆژنامە: سیستمی (PVT) کە تۆڕی شەمس لە چاودێریی هەڵبژاردنەکاندا بەکاری هێنا، چۆن کاری پێدەکرێتو تا چەندێک لە کوردستاندا ئەنجامی باشی دەبێت؟**

– سیستمی (PVT)، ئەو سیستمەی چاودێریی هەڵبژاردنە، کە تیایدا جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەیەکی خێرا ڕێکدەخات، ئەم مۆدێلە (١٠٪)ی ژمارەی وێستگەکانی دەنگدان وەکو سامپڵ بەکاردەهێنێت، بۆ ئاستەکانی (دەنگدەرانو ئاستی بەشداریکردن، ڕێکخستنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، خستنەڕووی دەرئەنجامەکان)، ئەو مۆدێلە یەکەمجارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردێت، هەروەها لە قۆناغی ئایندەدا لە هەموو عێراق بەکاردێت.

دیارترین کێشە کە ڕووبەڕووی سیستمەکەمان بووەوە، ئەوەبوو کە هەندێک لە زانیارییەکانی کۆمسیۆنی باڵا ورد نەبوونو بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، بۆ نموونە ئێمە لە (٧/١٩) ئاماری بنکەکانی دەنگدانمان لە کۆمسیۆن وەرگرت، بەوپێیەش ژمارەی نوێنەرەکانی خۆمان نیشانەکرد بەپێی دابەشبوونە جوگرافیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سیستمە نیشانەی دەکات، ئەگەر یەک سامپڵ هەڵەبێت، سەرجەمی ڕێژەکان کێشەی تێدەکەوێت.

بەڵام دواتر بینیمان گۆڕانکاریی کرا لە ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە شارەکاندا، لە سلێمانی (٣٨) بنکە زیادکراوە، لە هەولێر بەهەمان شێوە، بەڵام لە دهۆک (٤١) بنکە کەمبووەتەوە، لە ئەنجامدا بە پەلە دواتر سامپڵەکانمان بەو پێیە ڕێکخست، بەهەمان شێوە ژمارەی دەنگدەر لە هەر وێستگەیەک پێشتر (٥٢٥) دەنگدەر بوو، بەڵام لە کۆتاییدا کرا بە (٥٢٠) دەنگدەر، ئەوەش وایکرد کە دووبارە ئێمە سەرلەنوێ وێستگەکان بە سامپڵێکی ڕەمەکی (عیشوائی) هەڵبژێرینەوە، ئەو پرۆسەیەش زۆر گرانەو جارێکی دیکەش لەو ماوە کەمەدا چاودێرەکانی خۆمان دابەشکردووەتەوە، لە سەرتاسەری کوردستان.

ئەو دابەشکردنەوەیەش بەپێی ڕێسایەکی تایبەتە، کە بە پرۆگرامێکی تایبەت دەکرێتو مرۆڤ ناتوانێت دەستێوەردانی تیادا بکات، کاتێک کە دابەشمانکردەوە لە کۆی (٧٧١) سامپڵ، تەنیا (٥٠٠) سامپڵیان ئەنجامەکانیان گەڕایەوە، ئەوەش چەند دانەیەکی بە بەتاڵی هاتووەتەوەو جێبەجێنەکراوە، سەرەڕای نەهێشتنی بەکارهێنانی مۆبایل لە خێراییو کارایی سیستمی (PVT) کەمکردەوە، لەپاش نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێک دەمانتوانی ئەنجامی سەرەتاییمان دەستبکەوێتو پێوانەکاریی پێ بکەین لەگەڵ ئەنجامەکانی کۆمسیۆن، بۆ دەرخستنی ئاستی بەشداری هەڵبژاردنو زانیارییەکانی دیکە.

بەهۆی ئەو کەموکوڕییانەوە، جیاوازی نێوان زانیارییەکانی ئێمەو کۆمسیۆن نزیکە لە یەکترییەوە، بەڵام زۆرینەی ئەو سامپڵانەی ئەنجامەکانیان نەگەڕاوەتەوە لە سنووری شاری سلێمانی بووە، بۆیە جیاوازی نێوان ئێمەو کۆمسیۆن بەرزتربووەتەوە، بۆ (٥-٦) یەکە، ئەوەش لە قەوارەیەکەوە بۆ قەوارەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەنجامەکان نزیکە لەوەی کۆمسیۆنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لیستی گۆڕان (٢٠٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، بەڵام بەپێی ئەنجامەکانی کۆمسیۆن ئەو ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ (٢٣٪)، (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە سلێمانییەوە ئەنجامی هەندێک بنکەمان بەدەست نەگەشتبوو)، واتە ئەنجامەکانمان نزیک بوو، بەڵام ئەگەر ئەو ئاستەنگانە لەبەردەمی سیستمەکەدا نەهێڵرێت، دەتوانێت ئەنجامی وردتر بەدەستەوە بدات.

**ڕۆژنامە: بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، بردنە ژوورەوەی مۆبایل بۆ ناو هۆڵی دەنگدان قەدەغە بووە، سیستمەکەی ئێوەش بە مۆبایل کارەکانی ڕێکدەخرێت، ئەوە چەند کاریگەری خراپی لەسەر ئێوەو کارەکانتان دروست کرد؟**

– ئەو میکانیزمەی کە کۆمسیۆن گرتییەبەر بۆ بەکارنەهێنانی مۆبایل، بۆخۆی پەیوەندی بە چاودێرەکانەوە نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆ دەنگدەران بوو، بەڵام ئەمساڵ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەوەیان بۆ زیادکرد، کە چاودێریش نابێت مۆبایل بەکاربهێنن، لێرە بوو بەوەی نابێت چاودێر مۆبایل ببەنەژوورەوە، ئێمەش بەشێک لە چاودێرەکانمان پاتری مۆبایلەکانیان لێسەندبوون، بەوهۆیەوە کێشەمان بۆ دروست بوو لە گەیاندنی زانیاری، ئەوەش کاریگەریی لەسەر چۆنێتی زانیارییەکانمان هەبوو، هەرچەندە ئێمە لە دەرەوەی وێستگەکان خەڵکمان دانابوو، کە ئەنجامەکانیان بۆ دەناردینەوە، بەڵام ئەوەش لە یەک کاتدا نەبوو، خێرایی گەیاندنی زانیارییەکانی کەمکردەوە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر گۆڕانکاریی بەسەر ئەو یاسایەی کۆمسیۆندا نەیەت، ئێوە چۆن کارەکانی خۆتان ڕێکدەخەن؟**

– سەرقاڵی ئەوەین کە لێکۆڵینەوە بکەین لە چۆنێتی پەرەپێدانی بەرنامەکە، ڕێکخراوی (NDI) لەو سیستمەدا لەگەڵماندایە، لەگەڵ کۆمسیۆن قسەمانکردووەو ئەوانیش تێگەیشتنیان هەبووە، بەڵام ئەگەر هەر نەیانگۆڕی، ئێمە دەبێت (مۆبایل تیم) زیاد بکەین، بۆ نموونە بۆ هەر چاودێرێک تیمێکی مۆبایل لە دەرەوەی بنکەکان هاوکارییان بکەنو بەشێوەیەکی ڕێکخراو، بەوپێیەش تەنیا یەک ڕەگەزی کاری خۆمان لەدەستدەدەین، ئەویش خێرایی لە گەیاندنی زانیارییەکانە، بەڵام بەو شێوەیەش لە کۆمسیۆن خێراتر دەبین لە گەیاندنی زانیارییەکان.

**ڕۆژنامە: ڕێژەی خروقات لە هەڵبژاردنەکان چەند بووە، کە پێشتر ڕاتانگەیاندبوو، کە (١٨٪) خروقات هەبووە؟**

– ئەو زانیارییە سەرەتایی بوو، بەڵام ئەوەی بە تەواوی بڵاودەکرێتەوەو ئەنجامی کۆتایی کارەکانمان دەبێت، دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی (٨٦٪)ی بنکەکانە، ڕاپۆرتێک دەبێت کە لەسەر پێگەی سەرەکی ڕێکخراوەکەمان بە هەر سێ زمانی (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی) بڵاودەکەینەوەو هەموو جۆرەکانی خروقاتو تێبینییەکانمان لەسەر هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان بڵاودەکەینەوە، ئەوەش لە هەفتەی ئایندەدا دەبێت، کە بنکە بە بنکە چی ڕوویداوەو چی تۆمارکراوە، بە شێوەیەکی ورد، هەمووی بڵاودەکەینەوە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر کۆمسیۆن سەرنج و تێبینییەکانی تۆڕی شەمسی لەبەرچاو نەگرت، هەڵوێستتان دەبێتو گومانی خۆتان ڕادەگەیەنن لە سەربەخۆ نەبوونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن؟**

– بە دڵنیاییەوە بۆچوونی خۆمان دەبێت، هەرچەندە بەپێی یاسای کۆمسیۆن چاودێرو ڕێکخراوەکان تەنیا توانای بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتیان هەبووە وەکو ڕاسپاردە، هەر بۆیە داوامانکردووە کە ئاستی ڕاپۆرتەکانمان بەرزبکرێتەوە بۆ سکاڵاو تانەدان، هەروەک چۆن لایەنە سیاسییەکانو هاوڵاتییان هەیانە، چونکە ڕاپۆرتەکانمان بەڵگەو خاڵی گرنگی تێدا تۆمارکراوەو ئەمڕۆ کۆمسیۆن داوای ڕاپۆرتی تایبەتی ئێمەیان کرد بۆ ئەوەی بە جدی کاری لەسەر بکەنو بیخەنە بەرچاوی خۆیان، هیواخوازین کۆمسیۆن ڕاپۆرتەکانمان بە هەند وەربگرێت، چونکە ئێمە لایەنێکی پرۆسەکەین، کە بەلامانەوە گرنگ نییە کە کێ لە هەڵبژاردندا دەیباتەوە یان دەدۆڕێت، بەڵکو دەمانەوێت پرۆسەکە سەرکەوتووبێت، ڕاپۆرتەکانیشمان ڕەنگدانەوەی ئەو ویستەمانە، هەر حاڵەتێکی نا یاساییمان بینیبێت تۆمارمانکردووە.

ئێمەش وەکو ڕێکخراوە مەدەنییەکان چاودێرین لەسەر حکومەتو دامەزراوە جیاجیاکانو هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەینو دەتوانین ڕەخنەیان لێ بگرین، بە تایبەتی بۆ بەپاکی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە ئەو ڕاسپاردانەی پێشکەشی دەکەین، گرنگە بەلای ڕێکخراوە نێودەوڵەتیو جیهانییەکانەوە، ئێستا من بانگهێشتکراوم بۆ وڵاتی (ئەردەن)و لەوێ لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو یەکێتی ئەورووپاو ئاژانسەکانی دەنگوباس کۆدەبینەوە بۆ وتووێژکردن لەسەر دوا دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە کوردستاندا.

هەربۆیە ئەگەر دەرئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانەمان لەبەرچاونەگیرێت، هەڵسەنگاندنو ڕای خۆمان دەبێت لەسەر سەربەخۆبوونی کۆمسیۆن.



**هەفتەی داهاتوو لەو بنکانەی خروقاتکراوە، خاڵ بەخاڵو بەوردیی بڵاویدەکەینەوە**

## خانووەکەی گاندی بۆ فرۆشتن نمایشکراوە



هەوادارانی کڕینی خانووی ناوداران، لە پێشبڕکێدان بۆ کڕینی خانوویەکی گاندی لە وڵاتی باشووری ئەفریقا.

ئەم خانووە دەکەوێتە نزیک پەرستگایەکی جولەکەکانو دوورە لە جەنجاڵی (جۆهانسبۆرگ)، کە ئێستا کەسێک بەناوی (نانسی بال) خاوەنیەتی.

ئەم خانووە لە لایەن ئەندازیاری بیناسازیی (هێرمان کاڵنباخی) هاوڕێی گاندی سەرکردەی پێشووی هیندستان دروستکرابوو، گاندی لە نێوان ساڵانی (١٩٠٨و ١٩١٠) دەهاتە ئەو خانووەو بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێدا دەمایەوە.

لە ساڵی (١٩٨١)ەوە نانسی کە هونەرمەندێکی ئەمریکییە لەگەڵ هاوسەرە ئەفریقییەکەی لەم خانووەدا دەژین، چەند جارێک خانووەکەیان فراوانکردو نۆژەنیانکردەوە، بەڵام بەهەمان شێوەو دیزاینی پێشووی خۆی.

## بەهۆی بێ پارەییەوە، ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمی کارەبای عێراق بووەستێت



سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: بەهۆی کەمیی پارەوە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراقدا بووەستێت.

سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی ڕایگەیاند، لە کاتێکدا کە مافی کۆمپانیای کارەبای ئەمریکامان بەسەرەوەیە، بەهۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندکردنی فرۆشتنی سەنەدە یەدەگەکانی دواخستووە، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بەرهەمی کارەبای نیشتمانی بووەستێت.

هەروەها ڕەخنەی لە ئەنجومەنی نوێنەران گرت، کە فرۆشتنی سەنەدە یەدەگەکانی دواخستووە کە (٣,٤) ملیار دۆلار پارە دابین دەکەن، تاوەکو بدرێتە کۆمپانیای کارەبای ئەمریکاو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی نۆژەنکردنەوەی کەرتی کارەبا.

وەزیری کارەبای عێراق ئاشکرایکرد، ئێمە هیواداربووین پەرلەمان لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا ئەو داوایەمان پەسەند بکات، کەچی دوایخستو هەفتەیەک پێش ئێستاش پشووی ئەنجومەنی نوێنەران دەستپێکرد، بێئەوەی ئەو بڕیارە بدەن.

# بەهۆی نەبوونی سایلۆوە،
# گەنمی سلێمانی ڕەوانەی ناوچەکانی دیکە دەکرێت

محەمەدساڵح حەمەلاو

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی ناوەندیی، لەمەودوا گەنمی کوردستان لەجوتیاران وەرناگیرێتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە تائێستا بەشێک لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچە کوێستانییەکان دروێنەی گەنمیان تەواونەبووەو بەروبوومەکانیان بە حکومەت نەفرۆشتووە.

خالید حەمید، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: حکومەتی ناوەندی تا ڕۆژی (٧/٢٥)ی دانابوو بۆ وەرگرتنەوەی بەروبوومی گەنموجۆی ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقو ڕۆژی (٨/١)یشی دیاریکردبوو بۆ وەرگرتنەوەی گەنمی هەرێمی کوردستان.

بـەڕێـوەبـەری سایلۆی سلێمانی، ڕوونیشیکردەوە هەرچەندە بڕیارەکەی حکومەتی ناوەندی بۆ وەرگرتنەوەی گەنم تا (٨/١)بـــوو، بـەڵام بەهەوڵی بەرپرسانی هەرێم ماوەی پێنج ڕۆژی دیکە درێژکرایەوەو ئێستا جوتیارانی هەرێم ڕێگەیان پێدراوە تا ڕۆژی (٨/٥) گەنمەکانیان تەسلیم بەسایلۆی سلێمانی بکەنەوە.

خالید حەمید، ئاماژەی بەوەدا «تائێستا بەشێکی زۆری جوتیاران بەرهەمەکانیان تەسلیم بە حکومەت کردووەتەوە، بەڵام بەشێک لەجوتیاران نەیانتوانیوە لەکاتی دیاریکراودا گەنمەکانیان بەحکومەت بفرۆشنەوە».



وتیشی، تائێستا (٦٥)هـــەزارو (٨٢٠) تـەن گەنمیان لەجوتیاران وەرگرتووەتەوەو ئەمساڵ نرخی یەک تەن گەنمی پلەیەک بە (٨٥٠) هەزار دینارو جۆ بە (٧٢٥) هەزار دینارو گەنمی عەلەفیش بە (٤٠٠) هەزار دینار، ئەوە لەکاتێکدایە کە ساڵی ڕابردوو گەنمی پلە یەک بە (٦٢٥) هەزار دینارو جۆ بە (٥٤٠) هەزار دینارو گەنمی عەلەفیش بە (٣٨٢) هەزار دینار لەجوتیاران وەردەگیرا.

بەپێی وتـەی خالید حەمید «ئەو نرخەی حکومەتی هەرێم دەیـدات بۆ کڕینەوەی گەنمو جۆ لەنرخی وڵاتانی دەوروبەر زیاترە».

بـەڕێـوەبـەری سایلۆی سلێمانی ئەوەشی نەشاردەوە «ئەو گەنمەی کە لەجوتیاران وەردەگیرێتەوە بەهۆی نەبوونی سایلۆوە ڕەوانەی سایلۆکانی هەولێرو تەقتەق دەکرێتو بەشێکیشی ڕەوانەی ئاشەکانی ناو بازاڕ دەکرێت بۆ هـاڕیـنو دابـەشـکـردنـی بەسەر بریکارەکانی خۆراکداو بەشێکی کەمی لای خۆمان دەهێڵینەوە».

لەنێوان (١٨) پارێزگاکەی عێراقدا سلێمانی تەنیا پارێزگایە کە تائێستا سایلۆی نییە، هەرچەندە وابڕیاربوو لەچەندین قـەزای سەر بەپارێزگای سلێمانیدا ژمارەیەک سایلۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دروست بکرێت، بەڵام تائێستا دروستکردنی ئەوسایلۆیانە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

# حکومەتی عێراق مووچەی خانەنشینان
# بە هەرێمی کوردستانیشەوە زیاد دەکات

ستارە عارف

ئـەنـجـومـەنـی وەزیـــرانـــی عـێـراق پـرۆژەیـاسـای زیـادکـردنـی مووچەی خانەنشینان پەسەند دەکات، بەو شێوەیەش نزمترین مووچەی هەر خانەنشینێک لە (٢٢٠) هەزار دینار کەمترنابێت.

عەلی دەباغ، وتەبێژی ڕەسمی حکومەتی عـێـراق، ڕایگەیاند: «بـۆ باشترکردنی باری ژیانی خانەنشینانو خێزانەکانیان، حکومەتی عێراق پرۆژەیاسایەکی وەزارەتی دارایـی پەسەندکرد، لەپێناو زیادکردنی مووچەی ئەو کەسانەی پێش ساڵی (٢٠٠٨) خانەنشینکراون».

بـڕی ئـەو زیـادەیـەی کـە دەخرێتە سەر مووچەکە (٧٠) هەزار دینارەو پلە تایبەتەکانو خانەنشینانی دوای ساڵی (٢٠٠٨) ناگرێتەوە، بەمەش کەمترین مووچەی خانەنشینی لە (٢٢٠) هەزار دینار کەمترنابێت، حکومەتیش بۆ پەسەندکردنی پـرۆژەکـەی نـاردووەتـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

یەکێک لە مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەولەتی لە ماوەی ڕابردوودا ئەوەبوو کـە بـڕی ئـەو بـودجـەیـەی بـۆ مووچە تەرخاندەکرێت لە عێراقدا کەمبکرێتەوە، ئەوکات لە قەرزەکانی خۆشدەبێت.

هەندێک لە شارەزایانی ئابووریش ئاماژە بەوەدەکەن، کە مەرجەکانی ئەو سندوقە بۆ ئەوەیە کە عێراق بەگشتی خەرجییەکانی کەمبکاتەوەو پارەکەی زیاتر لە بواری وەبەرهێناندا بەگەڕبخات، بەڵام عێراق خۆی لەپێناو بونیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەدا زۆر جەخت لەسەر زیادکردنی مووچەی خانەنشینانو فەرمانبەران دەکاتەوە، شتێکی ئاساییشە هەڵاوسان هەبێت.

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، پسپۆڕی ئابووریو مامۆستا لە زانکۆی سەڵاحەدین پێیوایە، «مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران بەتایبەتی لە کوردستاندا کەمبووە، چونکە بـەردەوام لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە هەیە، بۆیە هەڵاوسانی دروستکردبوو، زۆربـەی هـەڵاوسـانـی بـازاڕی کوردستانیش هەڵاوسانی هاوردەیەو شمەکی دەرەوەمان بۆ دێـت، بـەڵام یەکێک لە مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەولەتی بۆ ئەوەیە عێراق بەگشتی خە ر جییە کا نی کەم بکاتەوەو پارەکەی زیـاتـر لـــە بـــواری وەبـەرهـێـنـانـدا بەگەڕبخات، بـەڵام عێراق خۆی لەپێناو بونیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەدا زۆر جەخت



لەسەر زیادکردنی مووچەی خانەنشینانو فەرمانبەران دەکاتەوەو شتێکی ئاساییە هەڵاوسان هەبێت».

ئـەو پسپۆڕە ئابوورییە پێیوایە، نـاکـرێـت لـەبـەرئـەوەی زیـادبـوونـی خەرجییەکان هەڵاوسان دروستدەکات مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینان زیادنەکرێت، چونکە چارەسەری دیکە هەیە بۆ هەڵاوسان، بۆ زیادکردنی مووچە، دەولەتی عێراقو وەزارەتی دارایی دەتوانن لەڕێگەی خستنەڕووی دراوەوە چاودێریی بازاڕبکەن، بەپێی ڕێنماییە ئابوورییەکان دەتوانن زۆرترین پـارەی بەردەست لە خەلک وەربگرنەوە بۆ هەلمژینی دەرکەوتنی هەڵاوسانو بەتایبەتی لە کوردستاندا بۆ چۆنێتی دەستگرتن بە خەرجییەکانەوە، دەبێت دەولـــەت هەوڵبدات بە هەموو شێوازێکی سیاسەتی داراییو نەختینەیی پارە لە بازاڕدا کەمبکاتەوەو سنوورێک بۆ خستنەڕووی دیارییکات، ئەویش لەپێناو ڕوونەدانی هەڵاوساندا، بەڵام مووچەی هەموو فەرمانبەران زۆر کەمترە ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەچاو ئەو بەرزبوونەوەو دابەزینە بەردەوامەی کە لە بازاڕەکانی عێراقدا هەیە، هەموو زیادکردنێکی خستنەڕووی دراو دەبێتەهۆی زیادبوونی پـارەو کـەمـکـردنـەوەی گرفت، بـەڵام زیادکردن بریتییە لە سیاسەتی کۆتکردنی دراو، واتە چۆن دەتوانین لە بازاڕەکاندا دراوی زیادبکێشینەوە، تاکو بتوانین قەرەبووی ئەو زیادکردنەش بکەینەوە کە لە بازاڕەکاندا دروستدەبێت، بەڵام دەبێت بگەیەنرێتە ڕادەیەکی دیاریکراوو مەعقول.

پێش ساڵێک بڕیاربوو مووچەی خانەنشینانو فەرمانبەران زیادبکرێت، بـەڵام بەهۆی داشکانی نرخی نـەوتو کەمکردنەوەی بودجەی عێراقو مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەولەتییەوە، بڕیاری زیادکردنەکە ڕاگیرا.

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نـوێـنـەرانی عـێـراق دەلـێـت: «لەکاتی هەمووارکردنی یاساکەدا پێمانوابووە کە نابێت مووچەی خانەنشینان جێگیربێت، بەلکو دەبێت بەپێی ڕێژەو ستانداردی کاڵای بەکاربردن گۆڕانکاریی بەسەردابێت».

ئیسماعیل شکور، ئەندامی لیژنەی داراییِ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەواڵەکەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوەو ڕایگەیاند: پرۆژەیاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦) بوو کە هەمواریانکردو دەنگیان بۆدا، بەتایبەتی ئەو خانەنشینانە دەگرێتەوە کە بەر لە ساڵی (٢٠٠٨) خانەنشینکراون، یاساکە دەڵێت ئەوانەی لە (٢٠٠٦/١/١٧)ەوە خانەنشینکراون ئەو یاسایە دەیگرێتەوە.

ئیسماعیل شـکـور، وتیشی: «ئێمە ئەوەمان هەمووارکردو وتمان دەبێت ئەوانەش بگرێتەوە کە بەر لەو بەروارەش خـانـەنـشـیـنـکـراون، واتـــە مـــووچـــەی خانەنشینکراو جێگیر نەبێت، پەیوەست بێت بە کاڵاکانی بەکاربردنەوە، «المواد الاستهلاکیة» ئـەگـەر هـاتو ڕێـژەی کاڵای بەکاربردن ساڵانە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بەرزبووەوە، دەبێت مووچەی خانەنشینکراو بەو ستانداردە بەرزبکرێتەوە، ئەگەر پێچەوانەبوو، ئەوا خانەنشینکراو مووچەکەی خۆی وەردەگـرێـت، ئەگەر (٢٥) ساڵ خزمەتی هەبوو، ئەوا بە ڕێژەی (٨٠٪ ) خانەنشین دەکرێت، ئەگەر تووشی نەخۆشی بوو لەکاتی فەرمانبەریداو (١٥) ساڵ کاری فەرمانبەری کردبێت بە ڕێژەی (٥٧٪) مووچەکەی وەردەگـرێـت، ئەگەر لەکاتی فەرمانبەریدا کۆچی دوایی کردو (١٥) ساڵ خزمەتی هەبێت، خێزانەکەی (٥٧٪)ی مووچەکەی وەردەگرێت».

ئەندامەکەی لیژنەی دارایــی، وتی: «پـــرۆژەکـــە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەنجومەنی نوێنەرانو جێبەجێنەکراوە. لەگەڵ ئەوەداین بەزووترین کات بگاتە دەستمان بۆ پەسەندکردن تا بخرێتە بـواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها ئەم یاسایە خانەنشینانی هەرێمی کوردستانیش دەگـرێـتـەوە، چونکە هـەر یاسایەک لە عێراقەوە دەربچێت هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە».

ژمــارە (524) دووشەممە 2009/8/3
hewal. rozhnama@gmail.com

# لە کەمپی ئاوارەکانی سلێمانی چ باسە؟

ـــی نیقاش

کاتێک لەشەقامی شەست مەترییەکەی شاری سلێمانییەوە لادەدەیت، ماوەیەکی کەم دەڕۆیت‌و دەگەیتە کەمپێکی نیشتەجێبوون، ئەم کەمپە باڵەخانەو خانووی ئاسایی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ژووری بچکۆلەی لە نایلۆن‌و تەنەکە دروستکراوە، لە دەوروبەری ئەو نایلۆنانەش کۆمەڵێک منداڵی رووت‌و پێپەتی بەرچاودەکەون، کە تاکە ئامرازی گەمەکردنیان بەرد بەردێنەیە.

ئەوەی سەرەوە باسکرا پێشەکی فیلمێکی سینەمایی نییە، بەڵکو کەمپی ئاوارە عەرەبەکانی دانیشتووی گەڕەکی قالاوەیە (باشووری خۆرئاوای سلێمانی). ئێستا ئەم ئاوارانە کە لەدوای شەڕو کوشتارە تایفییەکانی شارەکانی عێراقەوە روویانکردووەتە شاری سلێمانی، بەدەست نەبوونی خزمەتگوزاریی‌و دەستنەکەوتنی کار بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانیان دەناڵێنن‌و بەشی زۆریان روویان لە سواڵکردن کردووە، ئەم کەمپە کە لەمانگی (٩)ی ساڵی (٢٠٠٦) دروستکراوە، لەسەرەتادا زیاتر لە (٣٠٠) خێزانی تێدا نیشتەجێبوون، بەڵام بەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئەمنیی هەندێک لە شارەکانی عێراق‌و گەڕانەوەی ئەو خێزانانە بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئێستا تەنیا (٥٩) خێزانی تێدا دەژی.

لەبارەی بارودۆخی گشتیی ژیانیانەوە، ئەنجومەنی ئۆردوگاکە ئەیاد محەمەد (٣٢ ساڵ)، باسی لەوەکرد، کە ژیانێکی «ئێجگار خراپ» بەسەردەبەن‌و «لەسەرجەم خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێبەشن»، وتیشی: «نە نەخۆشخانەمان هەیەو نە قوتابخانە، ئەمە جگەلەوەی کەمپەکەمان «کارەبای نییەو ئاویش جارجارە بەتەنکەر بۆمان دێت».

ئەگەرچی حکومەتی ناوخۆیی سلێمانی‌و حکومەتی ناوەندو چەند رێکخراوێکی خێرخوازیی ناوخۆو بیانی هەوڵی یارمەتیدانی ئەو ئاوارانەیان داوە، بەڵام ئەنجومەنی کەمپەکە دەڵێت: «یارمەتی حکومەت‌و رێکخراوەکان زۆر کەمەو پێی ناژین».

بەپێی ئەوەی ئەم گەنجە ئاماژەی پێدەکات، زۆرجار خەڵکی کەمپەکە هەوڵی دۆزینەوەی کاریان داوە بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانی خۆیان‌و خێزانەکانیان، بەڵام «خاوەنی کارەکان لە سلێمانی داوای کەفیلیان لێدەکەن‌و ئەوانیش کەس ناناسن تا ببێتە کەفیلیان»، بۆیە ئیشیان دەستناکەوێت.

پێدەچێت ئەحمەد نوری (٧٧ ساڵ)، بەتەمەنترین کەسی نێو ئەو کەمپەبێت، ئەم پیاوە پیرە کە بەهۆی هەڕەشەی کوشتنی خۆی‌و کوڕەکانی، شاری بەغدای جێهێشتووەو رووی لە سلێمانی کردووە، ئێستا بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێت‌و لەژێر یەکێک لە خێمەکانی ئەو کەمپەدا لە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی ژیانیدا بێ جووڵە راکشاوە، سەرەڕای ئەوەی چەند رێکخراوێکیش لە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەم ئاوارانەدان بۆ ناوچەکانی خۆیان، وەک رێکخراوی UNHCRو قەندیلی سویدی، بەڵام نوری دەڵێت: «ئەم ژیانە پڕ نەهامەتییەم پێ باشترە لەوەی بگەڕێمەوە بەغداو منداڵەکانمان بەبەرچاومەوە بکوژرێن».

جگە لە کێشە تەندروستییەکانی نێو ئەو کەمپە کە نەخۆشخانەی تایبەتیان نییە، بەڵکو دەزگای تەندروستی سلێمانی بەهاوکاری رێکخراوەکانی میدیکۆی نێودەوڵەتی ئەڵمانی‌و NPAی نەرویجی‌و HALی ئەمریکی، هەفتانە پزیشکێک‌و یاریدەدەرێکی پزیشکی‌و توێژەرەوەیەکی کۆمەڵایەتییان بۆ دەنێرن، نەبوونی قوتابخانەو جێهێشتنی خوێندن لەلایەن منداڵەکانەوە کێشەیەکی دیکەی ئەو کەمپەیە.

عەلاوی جمهوریی، منداڵێکی تەمەن (١٠) ساڵی نێو ئەو کەمپەیە، ئەم منداڵە کە جلوبەرگێکی چڵکن‌و دڕاوی لەبەردایە، ئەوەندەی بە بێدەنگی لە سوچێکی کەمپەکەدا دادەنیشێت، ئەوەندە لەگەڵ منداڵەکانی هاوتەمەنیدا گەمە ناکات. عەلاوی تاکە منداڵی خێزانەکەیەتی کە لە ژیاندا مابێتەوە، ئەم منداڵە کە خەڵکی سامەڕایەو ئێستا لەگەڵ ماڵە خزمێکیدا ئاوارەی سلێمانی بووە، لە شەڕە تایفییەکاندا هەر پێنج ئەندامی خێزانەکەی کوژراون. عەلاوی بە زمانی عەرەبی‌و بە دەنگێکی پچڕپچڕ وتی: «دایکم‌و باوکم‌و دوو براو خوشکێکم لەلایەن سوپای مەهدییەوە کوژراون». لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا لە خوێندن بەردەوامە، عەلاوی وتی «نەخێر، من ئێستا سواڵدەکەم بۆ ئەوەی بژیم».


فۆتۆ: ژولی عەدنان

دەربارەی کێشەی منداڵانی ئەو کەمپە کە لەخوێندن دابڕاون، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، کەمال نوری غەریب، ئاماژەی بەوەدا کە لەسەرەتاوە بەبێ بەرامبەر پاسیان بۆ منداڵەکان تەرخانکردبوو تاکو لە خوێندنگە عەرەبییەکانی شاری سلێمانی بخوێنن، بەڵام «دوای ئەوەی زۆرێک لە خێزانە ئاوارەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەو منداڵانەی مابوون وازیان لەخوێندن هێنا».

نەهامەتی ژیان، وای لەم ئاوارانە کردووە کۆمەڵگەیەکی جیاواز لەزۆربەی زۆری ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ خۆیان پێکبهێنن، ئەگەرچی بەشی زۆریان ئەندامێک یان زیاتر لە خێزان‌و خزم‌و کەسیاندا بەهۆی شەڕی تایفییەوە کوژراوەو هەر بەهۆی کێشە تایفییەکانەوە ئاوارەبوون، بەڵام ئەوەی لە کەمپەکەیاندا بوونی نەبێت، مەسەلە تایفییەکانە، لەگەڵ ئەوەدا کە نیوە بەنیوەی کەمپەکە لە عەرەبی سوننەو شیعە پێکهاتوون، بەڵام دوا بابەت کە بووبێتە جێی گفتوگۆی ئەم ئاوارانە جیاوازی تایفیی بووە. یەکێک لە گەنجەکانی نێو ئەو ئۆردوگایە وتی: «کەسمان گوێ بە سوننەو شیعەبوونی خۆمان نادەین‌و بە هەمووشێوەیەک هاوکاریی یەک دەکەین‌و هەرچی هەبێت لەنێو خۆماندا وەک یەک خێزان دابەشی دەکەین»، بەڵام دووبارە کێشەیەکی سەرەکی ئەم ئاوارانە کەمیی ئەو هاوکاریانەیە کە پێیان دەگات.

ئەحلام ناجی، نوێنەری رێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان، کە وەک رێکخەری کاروباری رێکخراوەکان بۆ دابینکردنی خۆراک‌و هاوکاریی جۆراوجۆر بۆ دانیشتووانی کەمپەکە دەستنیشانکراوە، ناجی دەڵێت: «ئێمە بەپێی ئەو هاوکاریانەی دەگاتە کەمپەکە، یارمەتی ئەم ئاوارانە دەدەین‌و خۆراکیان بەسەردا دابەشدەکەین»، ئەم ئافرەتە ئاشکراشی دەکات «خۆراکەکان لەلایەن هەردوو رێکخراوی WFP نێودەوڵەتی‌و مێرسی کوردی دابیندەکرێن، کە بریتین لە ئاردو فاسۆلیاو رۆن، بەڵام ئەمە دوو مانگ یان سێ مانگ جارێک دابەشدەکرێت».

جگە لەو رێکخراوانەش، کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی بەهەمانشێوە هاوکاریی دابەشدەکات بەسەر ئەم ئاوارانەدا، کە بریتییە لە «برنج‌و تاییت‌و سابوون‌و شامپۆو ماجونی ددان». هۆشیار مستەفا لە بەشی راگەیاندنی ئەم رێکخراوە ئاشکرایدەکات «پێشتر زۆپاو ئامێری گەرمکەرەوەمان بۆ دابینکردوون‌و ناوبەناویش بە تەنکەر ئاویان بۆ دەگوازینەوە».

سەرەڕای کەمیی خزمەتگوزاریی‌و قورسی ژیانی دانیشتووانی ئەم کەمپە، بەڵام تائێستا چارەنووسی ئەم ئاوارانەو منداڵەکانیان بەنادیاریی ماوەتەوەو حکومەتیش ئاوڕێکی جدیی لێ نەداونەتەوە، هاوڵاتییەکیان کە نەیویست ناوی ئاشکرابکات وتی: «بەڵکو بەبۆنەی پڕوپاگەندەی حیزبەکانەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاوڕێکمان لێبدەنەوەو لەم ژیانە قورسە رزگارمان بکەن».

# دووساڵە بینای نەخۆشخانەی سەیدسادق نەکراوەتەوە



**دلێر عەبدولخالق**

نەخۆشخانەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی شەهید شەوکەتی حاجی موشیر لە قەزای سەیدسادق زیاتر لە دوو ساڵە بیناکەی تەواو بووە، بەڵام تائێستا نەکراوەتەوە سوودی بۆ دانیشتووانی ناوچەکە نەبووە.

هەرچەندە دانیشتووانەکەی باس لەوە دەکەن، کە پزیشک‌و کارمەندی پێویستی بۆ دانەمەزرێنراوە، بەڵام د. رەفیق تۆفیق بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سەیدسادق، دەڵێت: «نەبوونی هەندێک پێویستی وەک کارەباو چیلەر هۆکاری نەکردنەوەی نەخۆشخانەکەیەو جێگری سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پێداوین پێداویستییەکانمان بۆ دابین بکرێت».

# ئایا ئۆپۆزسیۆن بەشداریی حکومەت دەکات؟

سایت

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕۆژی چوارشەممە ئەنجامی سەرەتایی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندو تێیدا لیستی کوردستانی بە بەدستهێنانی (٥٧٪)ی دەنگەکان براوەی یەکەم بوو، لیستی گۆڕانیش (٢٣٪) بە پلەی دووەم‌و لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیش بە پلەی سێیەم بە کۆکردنەوەی (١٢٪)ی دەنگەکان.**

**لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمیشەوە، کۆمسیۆن ئاشکرایکرد، کە سەرۆکی ئێستای هەرێم (مەسعود بارزانی) (٦٩٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو بەمەش دووبارە لە پۆستەکەی خۆی مایەوە، هەرچی د.کەمال میراودەلی بەهێزترین ڕکابەری تەنیا (٢٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، فەرەج حەیدەری ڕایگەیاند: «کۆمسیۆن زیاتر لە (٤٠٠) سکاڵای لەلایەن قەوارە سیاسییەکان‌و دەنگدەرانەوە بەدەستگەیشتووە». ڕوونیشیکردەوە «لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر ئەو سکاڵایانە ئەنجامدەدەین».**

بەم ئەنجامانە یەکێتی‌و پارتی بۆ جارێکی دیکەش حکومەت پێکدەهێنن‌و پۆستە سیادییەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەن، گەر کار بەڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانیشیان بکرێت، ئەوە پۆستی سەرۆکی حکومەت دەدرێتە یەکێتی‌و دیارترین کاندیدیش (د.بەرهەم ساڵح)ە.

پاش دەرچوونی ئەنجامە سەرەتاییەکان لەلایەن کۆمسیۆنەوە، جەلال تاڵەبانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ مەسعود بارزانی، ڕایگەیاند: «یەکێتی‌و پارتی پابەندی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەیانن». تاڵەبانی وتیشی: «حکومەتی داهاتوو باشتر خزمەتی خەڵک دەکات».

لەلایەن خۆیەوە لیستی گۆڕان ئاشکرایکرد کە بەشداریی لە پێکهاتەی حکومەتی داهاتوو ناکات، بەڵکو وەک ئۆپۆزسیۆن لەنێو پەرلەماندا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. وتەبێژی لیستی گۆڕان، شاهۆ سەعید، وتی: «ئێمە لەکاتێکدا دەچینە نێو حکومەت کە خۆمان پێکیبهێنین».

هەرچی دەربارەی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازییە کە بەچوار حیزبەکەی کوردستان ناسراوە، هێشتا بڕیاری کۆتاییان نەداوە لەبارەی ئایا بەشداریی لە پێکهێنانی حکومەت دەکەن، یاخود وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە. زانا ڕۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، کە یەکێکە لەو چوار حیزبە، ڕایگەیاند: «لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی دواتر بڕیاری خۆی لەمەڕ بوونە ئۆپۆزسیۆن یان بەشداریکردن لەحکومەتدا دەدات». ڕۆستایی وتیشی: «ئێمە مەرجمان بۆ چوونە نێو حکومەت هەیە، کە بریتییە لەوەی «دەبێت شەریکی ڕاستەقینەی

حکومەت بین‌و ڕۆڵمان لە بڕیاردانیدا هەبێت».

لەبەرامبەردا مەحمود محەمەد، کاندیدی دووەمی لیستی کوردستانی‌و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، ڕوونیکردەوە «لیستی کوردستانی قبوڵناکات لیستێک بەشێک بێت لە حکومەت‌و لەهەمانکاتیشدا بەشێک بێت لە ئۆپۆزسیۆن». ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لە حکومەتی ڕابردوودا لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی لەکاتێکدا بەشداریی حکومەت بوون، لەهەمانکاتیشدا «ڕەخنەیان لە حکومەت دەگرت»، بۆیە جەختی لەوەکردەوە «یان دەبێت لە حکومەتدا بن‌و ڕەخنە نەگرن، یان دەبێت ئۆپۆزسیۆن بن، ناکرێت پێیەکیان لەنێو حکومەت‌و پێیەکیشیان لەنێو ئۆپۆزسیۆن بێت».

ئەمە بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی کورتی هەرێمی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر بەهێز بۆ چاودێریکردنی بوارەکانی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دروستببێت. لە پەرلەمانی داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە ئۆپۆزسیۆن، لەکۆی (١١١) کورسی (٤٠) کورسی بەدەستبهێنێت.

ئازاد ئەسڵان، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، باسی لەوەکرد، کە «دەنگدەران دوو پەیامی بەهێزیان نارد، پەیامێک بۆ نێوخۆو پەیامێکیش بۆ بەغداو وڵاتانی دراوسێ بوو، بۆ پەیامی نێوخۆ، دەنگدەران داوایان کرد: «خزمەتی زیاتر بکرێن، ژیانیان باشتر بکرێت، هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوەو حیزبە سیاسییەکان دەست لە کاروباری دادگا وەرنەدەن».

«بە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانیش بۆ سەرۆکی هەرێم، پەیامیان بۆ وڵاتانی دراوسێ‌و بەغدا ئەوەیە کە پێویستە دەسەڵات لە عێراقدا بە یەکسانی دابەشبکرێت‌و ناوچە دابڕاوەکانیش بگەڕێنەوە سەر کوردستان».

ئەسڵان ڕوونیشیکردەوە «دەنگدەران دەرفەتێکی دیکەیان دایە پارتی‌و یەکێتی تاکو جارێکی دیکە دەسەڵات وەر بگرن، بەڵام زۆر بەتوندیی ئەو دوو حیزبە ئاگاداردەکەنەوە کە زۆر بە ئاسوودەیی دانەنیشن‌و خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەن».



فۆتۆ: ناصیح عەلی خەیات

# لەناوجەرگەی شاردا، بێئاون

**سەرکەوت ئەحمەد**

لەناوجەرگەی شاری سلێمانیدا زیاتر لە (٢٠٠) ماڵی چەند کۆڵانێکی گەڕەکی ئاشتی تائێستا تۆڕی ئاویان نییەو دانیشتووانەکەی باس لەوە دەکەن، کە هەندێکجار بە (٢٠) ڕۆژ جارێک ئاویان نادرێتێ‌و خۆیان لە بازاڕدا دەیکڕن.

بەهادین عەبدوڵڵا، هاوڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانییە، باسی لەوەکرد، کە لە ماوەی (٢٠) ڕۆژدا چوار تەنکەر ئاوی لەبازاڕدا کڕیوە بۆ خواردنەوەو بەڕێکردنی کارەکانی ڕۆژانەیان، ئەو بە نیگەرانییەوە باسی لەو بارودۆخەیان کرد کە سێ ساڵە بەدەست گرفتی کەمئاوییەوە دەناڵێنن‌و وتی: «مووچەی مانگانەم تەنیا (٤٠٠) دۆلارەو (٣٠٠) دۆلار کرێی خانوو دەدەم، جگە لە دابینکردنی پێداویستییە ڕۆژانەکانی دیکە، ئێستا مانگانە زیاد لە سێ جار بە تەنکەری (٢٠) هەزار دیناریی، ئاو دەکڕم»، ئەوەشی خستەڕوو کە نزیکەی (٢٠) ڕۆژە ئاویان نییە.

لەبارەی کێشەی ئاوی ئەو گەڕەکەوە فەرهاد محەمەد، بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی، نکۆڵی لە گرفتەکانی ئەو گەڕەکە نەکردو وتی: «بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانی بۆ ئەو کێشانەی لە گەڕەکی ئاشتیدا هەیە، دەرخستەی ئامادە کردووەو خستوومانەتە پلانی (٢٠٠٩)وە بۆ جێبەجێکردن»، ئاماژەی بەوەشکرد، کە گەڕەکی ئاشتی یەکێکە لەو گەڕەکانەی تۆڕەکانی ئاوی پێویستی بەگۆڕین هەیەو وتیشی: «ساڵی ڕابردوو تۆڕی ئاوی هەندێک لە گەڕەکەکانمان گۆڕیوەو ئەو کارە بەردەوام دەبێت‌و گەڕەکی ئاشتیش لەم ماوەیەی داهاتوودا ئاویان زۆر




باش دەبێت‌و بەڕێژەیەکی باش ئاویان دەبێت».

بەڵام کەریم محەمەد، دانیشتوویەکی دیکەی گەڕەکی ئاشتییە ئەوەی خستەڕوو، کە زۆرێک لە ماڵەکان لە گیرفانی خۆیان ئاویان ڕاکێشاوەو حکومەت بۆی نەکردوون، ئاماژەی بە بێزاریی دانیشتووانی گەڕەکەکەشیان کردو وتی: «تائێستا زیاتر لە (٦) جار سەردانی بەڕێوەبەرێتی ئاوو ئاوەڕۆمان کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووەو تەنیا پێیانوتین دەیخەینە بەرنامەوە، یان دەڵێن لە تەندەردایە، ئەوە (٢) ساڵە بەڵێنمان پێدەدەن‌و تائێستاش هیچمان بۆ نەکراوە».

کەریم ڕەخنەی لە وتەی بەرپرسان گرت، کە واپیشاندەدەن کێشەی ئاویان چارەسەر کردووەو وتی: «ئەوە بارودۆخی ئێمەیە لەناوجەرگەی شاردا کە تۆڕی ئاومان نییەو هەندێکجار بە (٢٠) ڕۆژ جارێک ئاومان دەدرێتێ».

هەروەک بەهادین عەبدوڵڵا وتی: «چەند جارێک داوامان لە بەرپرسان کردووە، کە کێشەکانمان جێبەجێ بکەن، بەڵام هەر دەڵێن بەسەرچاو و هیچ بەڵێنێکیشیان نابەنە سەر».

# ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەبەردەم شکستێکی نوێدا

سۆران هەستیار*

پـاش کـۆتـایـیـهـاتـنـی مـاوەی بانگەشەکردن بۆ لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ هەریەک لە پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لەبەرچاوی میدیا جیهانی‌و ناوخۆییەکاندا کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی ڕۆژی (٧/٢٥) بنکەکانی دەنگدان بەڕووی هاوڵاتیاندا کرانەوە. ئەوەی جێگای تێبینی بوو ئەم جارە زیاد لە جارانی ڕابردوو، بایەخ بەم هەڵبژاردنە دراو هەر لە دەستپێکی ڕیکلامەکانەوە جیاوازی پێوە دیار بوو. ئەوەی جەماوەرو لیستە ڕکابەرەکانی دەسەڵات چاوەڕێیاندەکرد پاکی‌و بە ئاسایی بەڕێوەچوونی ئەم خولەی هەڵبژاردن بوو.

لای هەموو چاودێرو نوێنەرانی کیانە سیاسییەکان‌و جەماوەر بەگشتی ئاشکرایە کە پرۆسەکە تا دەمەو ئێوارە لەگەڵ بەدیکردنی چەند حاڵەتێکی ناتەندروستدا لێرەو لەوێ، بەڵام کۆی گشتیی پرۆسەکە لە کەشێکی ئارام‌و دوور لە ساختەکاریی بەڕێوەدەچوو، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوا وادەی مۆڵەتی دەنگدان بەبڕیارێکی لەناکاو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ماوەی یەک کاتژمێر کاتی دەنگدانی درێـــژکــــردەوە. دوابـــەدوای ئەم درێژکردنەوەیە پەیامنێران‌و نوێنەری قـــەوارە سیاسییەکان هـاواریـان لێهەڵساو ئاماژەیان بە لێشاوی ساختەکارییەکان کرد بە تایبەتی لە ناو شاری هەولێر کە ئەمەش پێدەچوو کارێکی پلان بۆ دارێـژراو بووبێت، چونکە هەر لەشەوی پێشترەوە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە چەندین پاس لەبەردەم بارەگا حیزبییەکان ئامادەکراوە بۆ گواستەوەی تەزویرچییەکان لە کاتی دیاریکراودا. هەندێک لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان لەڕێگای میدیاکانەوە ڕایانگەیاند کە زۆر بەزەقی ترس‌و دڵەڕاوکێیان بە ڕوخساری نوێنەری لیستە ڕکابەرەکانی دەسەڵاتەوە دیوە! ئـەوەی جێگای سەرنج‌و پنتی قسە لەسەرکردن بێت لەم ساتەوەختەدا بریتییە لە:

١- ئـەگـەر پـاش هەژمارکرنی دەنگەکان‌و نووسینی سکاڵاکان لە لایەن قەوارە سیاسییەکانەوە ڕادەی ساختەکارییەکان بگاتە ئاستێکی زۆرو قبوڵنەکراو، ئەوە دەبێت جارێکی دیکە نوقڵانەی چوونمان بۆ نێو لیستی ڕەش لەم هەرێمەدا ببەخشینەوە.

٢- سـەبـارەت بـەو لیستانەی کە ناتوانن حکومەت پێکبهێنن یان هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزێکی دیاریکراو ببەستن بۆ دروستکردنی حکومەت، پێویستە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو ڕاستگۆ ببینن لەم خولەی داهاتووی پەرلەماندا، چونکە لـەم قۆناغەدا بەڕای خەڵکێکی زۆر لە ڕووناکبیرو ڕۆشنبیرو کەسایەتییە سیاسییەکان‌و حیـزب‌و لایەنەکانی ئـەم هەرێمە بوونی ئۆپۆزسیۆن داخوازییەکی ئەم سەردەمەیەو ناکرێت لەوە زیاتر لە ژێر هیچ پاساوێکدا دوابخرێت، چونکە هەردەسەڵاتێک بێ ئۆپۆزسیۆن بوو بەڕاستی دەسەڵاتێکی لارو خوار دەبێت‌و گیانی دیکتاتۆری لەناخیدا گەشە دەکات‌و دواجار بەهیچ شێوەک ئامادە نابێت دەستبەرداری دەسەڵات ببێت‌و لەبەرامبەریشدا توورەیی‌و بـێزاری خەڵک سەردەکێشێت بۆ کاری توندوتیژیی‌و ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە. ئێستا کە هەژدە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا، پێموایە ئەم ماوەیە بەشی ئەوە دەکات دەوڵەتێک دروستبکرێت. نەک جارێکی دیکە باس لە ساوایی ئەزموونەکە بکرێتەوە.

٣- پێویستە لـەم خـولـەدا ئەو دیـاردە نـامـۆیـانـەی لـەم وڵاتـەدا سەریانهەڵداوەو وەک مۆتەکە بەدوای زۆربەی تاکەکانی ئەم هەرێمەوەن، زۆر بەجدیی کار بۆ بنبڕکردنیان بکرێت کە بریتین لە تەزکیەی حیزبی‌و مـەحسـوبـیـەت‌و مۆنۆپۆلکردنی پێگەو ئۆرگانەکانی حوکمڕانی بۆ ڕەنگێکی دیـاریـکـراو! لـەسـەرووی هەمووشیانەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەم سێکوچکەیەی سەریهەڵداوە کە بریتییە لە سەربەیەکداکردنی حیزب‌و حکومەت‌و بازاڕ. بەدڵنیاییەوە ئێستا نەک هەر کاتی ئەوە هاتووە، بەڵکو زۆر دەمێکە تێپەڕیوە بۆ لێکجیاکرنەوەی ئەو سێ تەوەرە جیاوازە. لەئەدەبیاتی کۆندا خەڵک تەنیا سێکوچکەی بابانی بیستبوو، بـەڵام لـەم چەند ساڵەدا بەجێگای هەموو داهێنانێکمان ئەم سێکوچکەیەمان هێنایەکایەوە کە خراپترین جۆری داهێنان بوو.

٤- هەژدەساڵە ئەوەندە باسمان لە چەمکەکانی ئازادیی ڕادەربڕین‌و دیمکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و دادگەریی کۆمەڵایەتی و... چەندین چەمکی دیکەی بریقەدار کردووە، بەجۆرێک هێندەمان بەباڵادا خوێندووە، پێموایە سەیر نییە ئەگەر بڵێم زیاتر لە ئەورووپاو ئەمریکا کە خۆیان بە داهێنەرو لانەی ئەو چەمکانە دەزانن ئەو قەوانەمان بەگوێی خەڵکی خۆمان‌و دونیادا داوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەر نا بەشێک لەم پیاهەڵدانە لە تیۆرێکی ڕووتەوە بێنینە مەیدانی پراکتیزەکردن‌و لەسەر ئەرزی واقیعدا بەرجەستەی بکەین. ئەگەر نا چاکتروایە بەیەکجاری تـەواوی ئـەم چەمکانە وەلانێین‌و ئەحکامی عورفی ڕابگەیەنین‌و بەو شێوەیە دەسەڵات بەڕێوەبەرین کە خەڵکانێک دەیانەوێت‌و چیتر ئەم جۆرە قسەو باسانە بەخەڵک نەفرۆشین.

٥- بەدامەزراوەییکردنی کایەکانی دەسەڵات گرنگترین ئەرکە لەبەردەم دەسـەڵاتـی ئێستاو داهـاتـووی ئەم وڵاتەدا، چونکە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم تا خەمی جدیی لەم مەسەلەیە نـەخـورێـت‌و کـار بـۆ سەرخستی ئەم پڕۆژەیە نەکرێت، مەحاڵە هیچ پێشکەوتنێکی سیاسی‌و زانستی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی لەم وڵاتەدا بێتەدی. ئەمەش ئەرکی هەموو کەسێکی دڵسۆزو ڕۆشنبیرو ئەکادیمی‌و حیزب‌و لایەنە نیشتمانییەکانە. لەهەمووشیان گرنگتر بەدامەزراوەییکردنی هێزە چەکدارەکانە‌و دورخستنەوەیانە لە خەسخەسەو ئینتیمای حیزبی، بۆ ئەوەی ئەم هێزانە لە تێڕوانینیان وەک میلیشیایەکی حیزبی ڕزگاریان بێت بۆ سەیرکردنیان وەک هێزێکی نیشتمانی. دیـارە ئـەوەش لەم کاتەدا دێتەدی کە ئینتیمای سیاسیی هەریەکێکیان پەیوەست بێت بە خودی خۆیەوەو تەنیا بتوانێت لەدەرەوەی بارەگاکەی‌و دوای کاتی دەوامی فەرمی گوزارشت لە بۆچوونی سیاسیی خۆ بکات، سەرەڕای فرەدەنگو فرەڕەنگکردنیان لەپاڵ پاککردنەوەی ڕیزەکانی ئەم هێزانە لە خەڵکانی ناشایستەو دانانی کەسانی ئەکادیمی‌و پسپۆڕ لەگەڵ دوورخستنەوەی ئـەوانـەی گیانی ناتەبایی‌و ناکۆکی لە نێوان هێزەکان بـڵاودەکـەنـەوەو دەوروبـەریـان هاندەدەن بۆ دژایەتیکردنی لایەنێکی دیاریکراو.

٦- پێویستە هێزە سیاسییەکان ئیرادەی ئەوەیان هەبێت جارێکی دیکە لەژێر هیچ بیانویەکدا ڕێگانەدەن خولی پەرلەمان لـەمـاوەی یاسایی خۆی تێپەڕێت‌و ئەوانیش تەنیا ڕۆڵی سەیرکەر (متفرج) ببینن، بەڵکو هەرچەند ئەم حاڵەتە چاوەڕوان نەکراویشە، بەڵام لەکاتی دووبارەبوونەوەیدا شەقام بجولێنن‌و فشار بخەنەسەر دەسەڵات تا بیر لە دواخستی ئەو مەسەلەیە نەکاتەوەو جارێکی دیکە پەرلەمانێکی تەمەن حەڤدە ساڵە بەرێنەکەین‌و ئەم مافە گـەورەیـەی هاوڵاتیان پێشێل نەکرێت.

٧- لە هیچ جێگایەکی ئەم دونیایەدا نەبووەو نابێت چەند لایەنێکی بێ چەک لەبەرامبەر حیزبێکی خاوەن دەیـان هـەزار چـەکداردا بچنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوەو ناویشی لێبنرێت ئازادی‌و دیموکراسی!، چونکە بوونی هێز خۆی لە خۆیدا مایەی ترسە نەک لەسەر ئەو لایەنانە، بەڵکو لەسەر خودی دەنگدەریش کە ئەمەش وادەکـات چـانس‌و هەلی یەکسان لەبەردەم قەوارە سیاسییەکاندا نەبێت بۆ کێبڕکێ.

٨- فەلسەفەی ئەم دوو هێزە لەسەر لۆژیکی هێز دامـەزراوەو مەحاڵە واز لەم تێڕوانینە بهێنن‌و بتوانن وەک قـەوارە سیاسییەکانی دیکە داهاتوویان ببەستنەوە بە سندوقی دەنگـدانـەوە! مەگەر ئـەوان بـەدەر لەشار، لەسەردەمی شاخدا لەپێناو گرتنی گردو تەپۆلکەیەکدا چەندجار بەگژیەکدا چوون‌و خوێنی یەکتریان ڕشت؟! پاشان شەڕی ناوخۆ ئەگەر لەسەر دەسەڵات‌و کورسی نەبووبێت ئەی لە پای چی بوو؟ لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی مەحاڵە ئەو دەسەڵاتەی ئەوان بەزەبری هێز دەستبەرداری نـەبـوون ئێستا بـەزەبـری دەنگ دەستبەرداری بن.

ئەوەی بەبەرچاوی خۆمان‌و هەموو جیهانەوە ڕوویدا ئەوەبوو، پاش ئەم هەموو پیاهەڵدانەو تەئکیدکردنەوەی جەماوەر لە لیستەکان‌و دەسـەڵات کە باس لەوە دەکرا، ئەم جارە بەهیچ شێوەیەک نابێت ساختەکاریی بکرێت، بەداخەوە نەک هەر کرا، بەڵکو چاودێرە نێودەوڵەتییەکان‌و نوێنەری کیانەکان‌و پەیامنێران باس لە خروقاتێکی یەکجار زۆر دەکـەن، بۆیە هەرێمەکەمان جارێـکـی دیکە شکستی خـواردو نەیتوانی ڕوویـەکـی پاک‌و بێگەرد نیشانی جیهانی دەرەوە بدات.

مـاوەتـەوە بڵێین گـەر بڕیارە دیـمـوکـراسـخـوازبـیـن‌و شۆڕشی ئازادیمان بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت لەم وڵاتـەدا بۆ ئەوە کرد تا هزری شمولیەت‌و تۆتالیتاریەت بەدەستی خۆمان لە گۆڕبنێن، نابێت هەرگیز بیر لەوە بکەینەوە هەمان هزر لە بەرگێکی نوێدا بێنینەوەکایەو لە کاتی هاتنەکایەو دووبارەبوونەوەشیدا، بە حوکمی تەکنەلۆژیای سەردەم‌و هۆشیاریی تاک لەم ڕۆژگارەدا ناتوانێت زۆر تەمەن درێژبێت‌و لە هەموو ساتەوەختێکدا ئـەگـەری کـەوتـن‌و گلانی کارێکی چاوەڕوانکراوە.

* بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی ستاندەر

# گۆڕان هی هەمووانەو بۆ هەمووانە

خدر مەرسەنە

بێگومان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەمە باش دەزانـن، سـەروەت‌و سامانی کـوردسـتـان، کـە بـەرهـەمـی خوێنی شەهیدان‌و ئەنفالکراو‌و کیمیابارانو‌و ڕاگواستن‌و کۆڕەوەکان‌و ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی جەماوەری کوردستانە، هی هەمووانەو‌ بۆ هەمووانە. بەڵام ماوەی هەژدەساڵە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی کـوردەوە دەسـتـی بـەسـەرداگـیـراوەو زۆربەی خەڵکی کوردستان لە نەهامەتی‌و بێدەرەتانیدا ژیـان دەگـوزەرێـنـن. لەم ڕووەوە دەنگدانمان بەلیستی گۆڕان ئەرکی نیشتمانپەروەرانەبوو، چونکە لیستی گۆڕان لە بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەمان هاتووەتە گۆڕەپانی خەبات‌و دەیەوێت لە جێگای ئەم سیستمە گەندەڵ‌و تـاک دەسـەڵاتـی حیزبی‌و بنەماڵەیی، سیستمێکی هاوچەرخی نوێ بخاتەگەڕ، کە لەوێدا هەموو مافە سیاسی‌و ئابووری‌و ئایینزاییەکان، بەشێوەیەکی یەکسان‌و لە چوارچێوەی یاسایەکی دادپەروەرانەدا دابینبکات، دەستوورێک دامەزرێنێت، کە مافی تێکڕای چین‌و توێژەکانی کوردستانی تێدا لەبەرچاو بگیرێت. بەڵام گۆڕانکارییش لە سیستمی کۆن بۆ نوێ، کارێکی وەها ئاسان نییەو پێویستی بە یەکڕیزی‌و هاوکاری‌و هاوفکری خەڵکی کوردستان هەیە، کە ئەویش بریتییە لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی گۆڕان. ئامانجی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیەیش بە دیموکراتیزەکردنی دامـودەزگـا حکومی‌و حیزبییەکان‌و بە کوردستانیکردنی پەرلەمانە.



واتا گواستنەوەی دەسەڵات لە حیزبەوە بۆ خەڵک، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە، کە بە هۆی زوڵم‌و زۆری دەسەڵات لە خەڵک، کەوتووەتە نێوان حکومەت‌و خەڵک‌و قەرەبووکرنەوەی زیانەکان‌و دابینکردنی ژینگەو ژیان بۆ یەکەیەکەی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە. هاوڵاتییانی کوردستان ماوەی هەژدەساڵە گرفتاری هێڵێکی سیاسین، لە قادانێکی کۆن، کە ڕیشەی ئەو قادانەش لە فەرهەنگی دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی کوردەوە وەرگیراوە، بەڵام مەخابن ئێستا سەکردایەتیی سیاسیی کـورد لەسەر گەلەکەمانی پەیڕەو دەکات، بەم هۆیەوە، ئـەم کلتوورو میکانیزمانە، لەپێشدا حیزبەکان‌و دواتـر کۆمەڵگەی کوردی ئیفلیجکردووە. بناغەی ئەم فەرهەنگە سیاسی‌و ئـابـووری‌و کۆمەڵایەتییە، تەنانەت ئیدارە حکومیی‌و مەدەنییەکانیش لەسەر ئەم فەرهەنگە خۆی هەڵچنیوە، کە پێیدەوترێت سیستمی تاک دەسەڵاتی‌و بنەماڵەیی‌و سەرەنجام دەبێتە سیستمێکی تۆتالیتاریستی، واتا دیکتاتۆریەتی موتلەق.

لـەم ڕووەوە، پێویستە چەمکەکانی چاکسازی‌و لیستی گـۆڕان بەهێزترین هـەوڵـەکـانـی ئـەفـرادی چـالاکـی خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بۆ ڕزگاربوونی خەڵک لە ژێر قەیدوبەندی سیستمی کۆندا بخەنەگەڕ، بۆئەوەی هەمووومان بتوانین هەم کۆمەڵگەی کوردی زیاتر بە شارستانییەت‌و مەدەنییەت بکەین‌و هـەم پەرلەمان‌و حکومەت بە کوردستانی بکەین‌و هەم مافەکانی هەموو چین‌و توێژەکانی کوردستان، بە نێرو مێوە، بە کەمەنەتەوەیی‌و ئایین‌و ئایینزاکانەوە، لە چوارچێوەی باس‌و دەستوورێکی نوێی پێشکەوتووانەی هاوچەرخدا، مسۆگەر بکەین.

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو ڕەفتارو قسەو باسانەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد کە دەسەڵاتیان بەدەستە دەیانەوێت خواستی ئەم بزووتنەوەیە لاوازبکەن بۆئەوەی گەلەکەمان‌و حکومەت‌و پەرلەمان هەر لە چوارچێوەی ئەو قەوارە کۆنەدا بمێنێتەوەو دەسـەڵات کە سـەروەت‌و سامانی کوردستانیان وەک ئەمانەتێک خراوەتە بەر دەست، بۆ هەمیشە دەستی بەسەردابگرن‌و پاشقولی بـدەن. ئێستا کە کەشتیی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆک بۆ کوردستان بەسەر دەریایەکدا تێپەڕدەبێت، دەسەڵاتی سیاسیی دوو حیزبی هاوپەیمان، بە سەوڵلێدان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، دەیانەوێت کەشتیی هەڵبژاردنەکان‌و دەستوورو یاساکانی هـەرێـم بە لای خۆیاندا بشکێننەوەو بەتوندی ڕێگای توندوتیژیی‌و تەخشان‌و پەخشانکردن‌و دابەشکرنی سامانی هەموو خەڵکی کوردستان بەسەر تاقم‌و لایەنگرانی خۆیاندا، کەشتییەکە بەرەو پێش بفڕێنن، تا لەمەشەوە خەڵکی کوردستان وا تێبگەیەنن کە دەسەڵاتەکەیان شکست هەڵنەگرەو بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە! بەڵام سەرەنجام کەشتییەکەیان دەچەقێت‌و شەپۆلەکانی دیموکراسی‌و ئـازادی‌و یەکسانی کە لە کەشتی گۆڕاندا مالیگرتووە بە تەنیشتی ئەواندا تێدەپەڕێت‌و دەگاتە مەنزڵ‌و داری هیوای زوربـەی خەڵکی کوردستان، لە جیاتی چقڵ گوڵ دەردەکات.

بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان، کە ویستی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، وەک مۆمێک لە ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی کـۆمـەڵـگـەی کـوردیـدا دەدرەوشێتەوەو خەڵکی کوردستانیش لەژێر سێبەری داری دادپەروەریدا ئارام دەگرێت‌و چیتر لەژێر دارێکدا دانانیشێت کە بەرو سێبەرەکەی بۆ خۆیان‌و دۆست‌و لایەنگرانی خۆیانە، کەواتە با هەموومان کاربۆ زیندوراگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، ئەو لیستەی کە هەر چوارپارچە ئومێدی پێیەتی.

ئێمە وەک بـزاڤـی ڕۆشـنـگـەری تا سەرکەوتن، دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ گۆڕان، هەروەها بە کارکردنیشی وەک ئۆپۆزسیۆن هـەر لە پشتیوانی ئـەودا دەمێنینەوە.

# شۆکی هەڵبژاردن: مێژوو وا ناڕوات!



**شوان ئەحمەد**

ئەو شۆکەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەمجارەی کوردستان بۆ هەردوو هێزی دەسەڵاتدارو حوکمرانی دروستکرد، بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو سیاسەتی بێگوێی‌و گوێنەگرتنەوە هەبوو کە یەکێتی‌و پارتی بەدرێژایی ئەم هەژدە ساڵە لەسەری ڕاهاتبوون، ئەنجامی ئەو خەمساردی‌و بێمنەتییە بوو کە لە بەرامبەر هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەدا پەیرەویان دەکرد. سەرمەستبوونی لێپرسراوە باڵادەستەکانی پارتی‌و یەکێتی لە لوتکەی دەسەڵات‌و نغرۆبوون لە تاڵانکردنی سەروەت‌و سامانی وڵاتدا وای لێکردبوون بڕوا بهێنن بەوەی کە چیدی مێژوو هەروا دەڕوات‌و بە کامی دڵی ئەوان دەبێت‌و ڕیتم‌و جوڵەی خۆی تێکنادات. هەموو ئەو هێزانەی دنیا کە بەم غرورو بەم نەفەسی خۆبەزلزانینەوە کاریانکردووەو ڕەخنەو پێشنیازو بەرچاوڕوونی چاودێران‌و نووسەرانیان وەک کارێکی ناحەزانەو دوژمنکارانە سەیرکردووە، عاقیبەت سەرەولێژبوونەتەوەو بەرەو بچووکبوونەوەو پاشەکشە چوون.

گەرمترین‌و گرنگترین ڕووداوێک لە بیست ساڵی مێژووی سیاسیی وڵاتی ئێمەدا ڕووی دابێت لە دوای ڕاپەڕینەوە، هەڵبژاردنی ئەمجارە بوو کە توانی دەستکاری زۆر خانەو جومگەی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی بکات، لە پێش هەمووشیانەوە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی وڵات. بریندارکردنی غروری پارتی‌و یەکێتی‌و سەلماندنی ئەو حەقیقەتەی کە مێژوو تا سەر وا ناڕوات، بە دەستکەوتی گرنگی ئەم هەڵبژاردنەو ئەم قۆناغە تازەیەی وڵاتی ئێمە ئەژمار دەکرێت.

مەخابن تا هەنوکەش ئەوەی سەیری سیاسەت‌و ڕەفتاری ئەو دوو هێزە دەکات، تێدەگات کە هێشتا نایانەوێت دان بە ڕاستییە تاڵەکاندا بنێن‌و ئەو کەلێنە گەورەیەی نێوان خۆیان‌و خەڵکی ئەم وڵاتە ببینن، باوەڕ بە بچووکبوونەوەی قەبارەی خۆیان‌و لەدەستدانی زۆرێک لە کورسییەکانی پەرلەمان بهێنن.

ئەوەی بە ئەرشیڤی ڕۆژنامەگەری‌و میدیای کوردی لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بچێتەوە، دەبینێت نەفەسی قسەکردنی ئەو دوو هێزە لە چ بورجێکی عاجی‌و لە چ پێگەیەکی غرورو بێمنەتییەوە بووەو چۆن چۆنی کێش‌و قورسایی لیستە ڕکابەرەکانی دیکەیان دیاریکردووە.

گرتنەبەری سیاسەتی تەشهیرو تەزویر، ناوبانگزڕاندن‌و ساختەکاریی‌و فێڵ، ئەدگارە دیارو سەرەکییەکانی پارتی‌و یەکێتی بوون، لە پێش‌و سەروەختی هەڵبژاردندا.

ئەو بەرنامەیەی ڕاگەیاندنی هەردوو هێزی دەسەڵاتدار کاریان لەسەر دەکردو تا ئێستاش لەسەری بەردەوامن، تا ڕادەیەکی زۆر دەستی لە چەواشەکردنی ڕای سەرکردایەتیی هەردوو حیزبەکەو بریندارکردنی لیستە ڕکابەرەکان‌و گرژینانەوەو ژەهراویکردنی بارودۆخی سیاسیی وڵاتدا هەبوو.

ناونانی لیستە ڕکابەرەکان بە تابووری پێنجەم‌و دەستی بێگانە، ڕێخۆشکەربوون بۆ ئەوەی زۆر خوێنساردانە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی لیستی گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتووی ئیسلامیی بدرێت. دانانی بەرژەوەندیی حیزب‌و دەسەڵاتداران لە سەرو بەرژەوەندی‌و سومعەی گەل‌و ئەزموونی کوردستانەوە وایکرد، هیچ یەک لە یەکێتی‌و پارتی سڵ لە تەزویرکردن‌و ساختەکاریی بە بەرنامە نەکەنەوەو لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، ئەوکارە بە بەرچاوی هەموانەوە ئەنجام بدەن.

ئێستا کە هەڵبژاردن کۆتاییهات‌و خەڵکی کوردستانیش هۆشیارانەو جەسورانە قسەی خۆی کرد، قسەکردنێک کە دەسەڵاتدارانی وڵاتی تووشی شۆککردو وەک ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکیش نووسیویەتی بووە مایەی هەژاندنی عەرشی گەندەڵی لە هەرێمەکەماندا، هەقە هەریەک لە یەکێتی‌و پارتی بەرپێی خۆیان ببینن‌و لەو حەقیقەتە حاڵی بن کە چیدی مێژوو وا ناڕوات!!

# «بۆچی دەستوورم قەبوڵ نییە»



**لەتیف فاتح فەرەج**

من چەند جارێک لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستانم نووسی، ئەمە جگە لەوەی لەو ڕووەوە بەتایبەت لەسەر پرسی کەرکوک نامەم بۆ سەرۆکی هەرێمیش نووسی، هەروەها لە کەرکوک لیژنەیەکی تایبەتمان بۆ داکۆکی لە کەرکوک لە دەستووری هەرێمدا ڕاگەیاندو کۆبوونەوەی فراوانکراو لە بەرامبەردا هەندێک تووشی هیستریابوون.

من لە ڕاستیدا نەمویست بە هیچ شێوەیەک لەسەر پەلە پڕوزێی تێپەڕاندنی بەر لە هاتنی پەرلەمانی دادێ قسەبکەم، هەرچەندە ئەو کارەم پێ فاشیلترین کاری ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان بوو، لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆ سەرۆکی پەرلەمان‌و ئەندامانی کە بۆ خۆشیان لە ناخەوە لەو پەلەپڕوزێیە نیگەران بوون، تێبینی من لەسەر دەستوورەکە هەر لەسەر پرسی کەرکوک نییە کە لەو دەستوورەدا زیاتر گەمەی مشک‌و پشیلە لەگەڵ پرسی کەرکوک کراوە، وەک بڵێی پەرلەمان ئاگایان لەوە نەبێت لە پەرلەمانی عێراقی چ دژایەتییەک بۆ مادەی (١٤٠)و پرسی کەرکوک بەڕێوەدەچێت، ئەوان دیسان دێنەوە سەری، ئەمە جگە لە سەر ئێشە بۆ خۆ دروستکردن هیچیتر ناگەیەنێت. بۆیە زۆر پێویستبوو لە بری ئەو پەلەپەلە دەستوور ڕادەستی پەرلەمانی ئایندە بکرایە.

کە بە هیوام وابێت‌و پەرلەمانی ئایندە ئەو دەستوورە بخاتەوە بەردەم سەرنج‌و تێبینی. دەستوورێک کە سەر لە بەری پێویستی بە هەڵوەستەیە، لەڕووی زمانەوانیەوە، لەڕووی داڕشتنەوە، لەڕووی یاساییەوە، من بۆ خۆم هێندە یاساناسی نیم‌و وەکی ڕۆژنامەنووسێک لەسەر چەند خاڵێکی ئەو دەستوورە دەوەستم بە هیوای ئەوەی لە ئایندەدا کاری لەسەر بکرێت لە دەستوورەکەی هەرێمی کوردستاندا:

### مادەی دووەم

یەکەم کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافی مێژووییە پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕی ئێستاوەی‌و لە پارێزگاکانی کەرکوک‌و سلێمانی‌و هەولێرو... هتد.

تێبینی یەکەمم لەسەر ئەم خاڵە تێناگەم بۆچی دهۆک لەپێش هەولێرو سلێمانی‌و کەرکوکەوە بێت نهێنی لەوەدا چییە، ئەمە لە دیباچەکەشدا کە قسە زۆر هەڵدەگرێت پاش‌و پێشکردنی زۆر هەیە کە دەکرێت چاکبکرێت.

تێبینی دووەمم لەسەر بڕگەی یەکی مادەی دوو ئەو گەمەیە بە سنووری جوگرافی‌و سیاسی‌و مێژووی کوردستان دەکرێتەوە بەوەی کە دەنووسرێت بە سنووری کارگێڕی پێش ساڵی (١٩٦٨)ەوە، دەستوور ناکرێت بەو جۆرە ناشەفاف‌و ڕوونە مامەڵەی لەگەڵ خاک بکات دەبێ کورت‌و پوخت بنووسرێت کوردستانی عێراق، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە باشووری کوردستانەوە لە زنجیرە چیای حەمرین بەم دیودا.

مادەی دوو خاڵی دووەم لە ڕاستیدا ئەم بڕگەیە هەر زیادەیەو بۆ دروستکردنی کێشەیە بۆ خۆت تۆ لە خاڵی یەکەم دیاریت کردووە سنوورەکە کوێیە ئیدی پێویست ناکات باس لە بەندی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی بکەیت.

### مادەی پێنجەم:

گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب... هتد.

بە بڕوای من باشترە بنووسرێت گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتوون لە هەموو نەتەوەو پێکهاتە جیاجیاکانی نێو هەرێمی کوردستان، ئیدی پێویست بە ناوهێنان ناکات.

### مادەی شەشەم:

لەوەشدا باشترە بنووسرێت ئەم دەستوورە دان بە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان‌و مافە ئاینییەکانی دیکەدا دەنێت، ئیدی پێویست بە ناوهێنان ناکات.

### مادەی (١١):

**خاڵی دووەم**

ئاڵاکە پێکدێت لە ڕەنگی سوور، ئینجا سپی، ئینجا سەوزو خۆرێکیش بە ڕەنگی زەرد. هتد.

ئەو ئینجا ئینجایە لە مەتەڵ دەچێت باشترە بنووسرێت ئاڵاکە پێکدێت لە ڕەنگی سوورو سپی‌و سەوزو خۆرێکی زەردی (٢١) تیشکیشی لە ناوەڕاستیدایە.

### مادەی (١٤):

مادام لە دەستووری عێراقدا بۆ سەرتاسەری عێراق نووسراوە عەرەبی‌و کوردی زمانی فەرمی وڵاتن‌و عەرەبیش هیچ مەیلی فێربوونی کوردییان نییەو ئەوە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزە، باشترە بنووسرێت زمانی کوردی زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانە، عەرەب‌و تورکمان‌و ئاشووری‌و ئەرمەنیەکانی کوردستان هەموویان کوردی دەزانن.

### مادەی (١٧):

بڕگەی یەکەم کە سامانی گشتین، ئێستا کە مامەڵەیان پێوەدەکرێت، ئەوە نادەستووریی‌و ناقانونیە، بۆیە دەبێت دەرهێنان‌و مامەڵە پێوەکردنیان ڕابگیرێت.

ئەمە بۆ خاڵی دووەمی هەمان ماوەش هەروایە مادەی نۆزدە خاڵی دەیەم تێکەڵ‌و پێکەڵیەکی پێوە دیارەو دوای بڕگەی «مسۆگەر بکرێت»و لەو شوێنەدا کە دەنووسرێت، «بەڵام» ئەو بەڵامە زیادەیەو لەدوای ئەوەشەوە دەبێت ئەو دوو دێرە بکرێتە بڕگەیەکی سەربەخۆو بە خاڵێکی دیکە بنووسرێت.

هەر مادەی نۆزدە خاڵی نۆزدە نووسراوە:

«دەرکردنی بە کۆمەڵ قەدەغەیە»

لە ڕاستیدا ئەمە مایەی گریان‌و پێکەنینیشە، من پێموایە نابێت هەبێت، دەرکردن یانی چی؟ یان کە بە کۆمەڵ قەدەغەیە بە تاک تاک وەک ئەوەی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا کرا قەدەغە نییە!! خۆ ئەگەر ئەو خاڵە هەشبێت دەبێت بنووسرێت «هەموو شێوازەکانی دەرکردن‌و دوورخستنەوە قەدەغەیە» ئەمەیان ئینسانی دیکەیە، تێناگەم ئەو مرۆڤدۆست‌و یاساناسانەی ئەم دەستوورەیان داناوە بۆچی دەرکردنی تاک تاکیان پێ قەدەغە نییە!!

مادەی (٥١)ی دەستوورەکە، ئەمەش بە بڕوای من بەو شێوە داڕشتنەی ئێستایەوە ژیاوەیە، یان دەبێت شێوە داڕشتنەکەی چاک بکرێت، یان دەبێت لابدرێت.

### مادەی (٥٥):

خاڵەکانی سێیەم‌و چوارەمی ئەو مادەیە بە تەواوی لەیەک دەچن جگە لە دوو بڕگەی لە خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان‌و لە دەرەوەی خولی کۆبوونەوەکان، باشترە بنووسرێت «لە خولی کۆبوونەوەکان‌و دەرەوەیدا»و دوو خاڵەکە بکرێتە یەک.

### مادەی (٦٥):

خاڵی دەیەم لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمدا

«پەسەندکردنی حوکمی ئیعدام یان سووککردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی»

لە ڕاستیدا ئەم بڕگەیە دەبێت زۆری قسە لەسەربکرێت، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا حوکمی ئیعدام زەرور نییە لە دەستووردا ئاماژەی پێ بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە، حوکمی ئیعدام بەرامبەر کێ «چۆن» بۆ؟! ئەمانە دەبێت ڕوونبکرێنەوە، ئەمە بەو نادیاریە دەسەڵاتێکی زۆر دەداتە هەر حکومەت‌و سەرۆکی هەرێمێک کە لەسەر بیروڕای سیاسیش سبەینێ بیانوو بداتە دەستەوە بۆ لە داردانی یان زیندانی هەتاهەتایی، ئەم خاڵە لەگەڵ ئازادیەکانی نێو دەستوورو مافەکانی مرۆڤدا نایەنەوە، بۆیە دەبێت لەو ڕووەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدرێت.

### مادەی (٦٨)

خاڵی چوارەم لە ڕاستیدا ئەو خاڵە پێویستە ماوەی بەردەوامییەکەی سەرۆکی هەرێم دوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی دیاریبکات بۆ نموونە لە(٣٠) ڕۆژ بۆ (٩٠) ڕۆژ، چونکە ناکرێت بە هەر بیانوویەکەوە ماوەی سەرۆکایەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ درێژبکرێتەوەو لە دەستووردا ماوەکە دیارینەکرێت.

### مادەی (٧٥)

خاڵی پێنجەم من تێناگەم بۆچی بە مردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەن دەبێت هەڵبووەشێتەوە ئەمە بە ڕاستی مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە!! ئێ باشە نەنووسراوە جێگری هەیە ئیدی بۆچی هەڵبووەشێتەوە؟!

### مادەی (٧٦)

نووسراوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و جێگرەکەی‌و لە مادەکانی پێشتردا نووسراوە جێگرەکانی، من دەپرسم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەک جێگری هەیە یان دوو، ئەمە پێویستی بە لەسەر وەستانە، دەستووری کوردستان خاڵ بە خاڵ پێویستی بە قسە لەسەر کردنە، هەر (١٢٢) مادەکە پێویستی بە داڕشتنەوەو ڕێکخستنە ئەمەش ڕاستی ئەو قسەیە دەیسەلمێنێت کە بەڵێ پەلەی لێکراوە زۆریش پەلەی لێکراوە، نەک وەک ئەوەی هەندێک دەڵێن دەستوورەکە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت‌و هەنگاوەکان زۆر کۆنن قسە لەسەر ئەم پرۆژە دەستوورەیە، نەک کارەکانی ڕابردوو کە من پێموایە دەستوورەکەی کە ساڵی(١٩٩٢) د.نوری تاڵەبانی نووسیویەتی لە زۆر ڕووەوە لەم دەستوورە زۆر باشترە... هەر ئەمەش هۆکاری قەبوڵنەکردنی منە بۆ ئەو دەستوورەی کە ئەگەر بەپێی دەنگدانی هاوڵاتیانیش بێت، ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکەدا دەرکەوت نزیکەی(٥٠٪)ی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە ئەو بەناو دەستوورەیان قەبوڵ نییە.

**نووسراوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و جێگرەکەی‌و لە مادەکانی پێشتردا نووسراوە جێگرەکانی، من دەپرسم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەک جێگری هەیە یان دوو، ئەمە پێویستی بە لەسەر وەستانە، دەستووری کوردستان خاڵ بە خاڵ پێویستی بە قسە لەسەر کردنە، هەر (١٢٢) مادەکە پێویستی بە داڕشتنەوەو ڕێکخستنە ئەمەش ڕاستی ئەو قسەیە دەیسەلمێنێت کە بەڵێ پەلەی لێکراوە زۆریش پەلەی لێکراوە، نەک وەک ئەوەی هەندێک دەڵێن دەستوورەکە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت‌و هەنگاوەکان زۆر کۆنن قسە لەسەر ئەم پرۆژە دەستوورەیە، نەک کارەکانی ڕابردوو کە من پێموایە دەستوورەکەی کە ساڵی(١٩٩٢) د.نوری تاڵەبانی نووسیویەتی لە زۆر ڕووەوە لەم دەستوورە زۆر باشترە...**

# سیستمی پەرلەمانیو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەڵویستەیەک لە بەرامبەر سەرۆکی هەرێم



ئاکۆ فاتێح

## ١-٢

سیستمی پەرلەمانی بە شیاوترین شێوازی حوکمرانی دادەنرێت لە پیادەکردنی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بە واتا تەندروستەکەی کە بە لێکجودایی دەسەڵاتەکان دەبێت لە یەکتر، بەڵام هاوکاریو هەماهەنگی دوو لایەنە دەیانبەستێتەوە(١).

بە واتایەکی روونتر، مەبەست لە سیستمی پەرلەمانی هەموو ئەو سیستمو رژێمانە نییە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێکهاتبێت یاخود پەرلەمانی هەبێت، بۆ نموونە: ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی خاوەنی کۆنگرێسەو لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، بەڵام بە سیستمی کۆماری ناسراوە.

بەهەمانشێوە لە سویسرا پەرلەمان یاخود دەستەی نوێنەران پشکی شێری بەردەکەوێتو لەگەڵ ئەوەشدا بە سیستمی پەرلەمانی ئەژمارناکرێت، بەڵکو سیستمێکی ئەنجومەنداری فەرمانڕەواییە، بەڵکو ئەوەی سیستمی پەرلەمانی لە هەردوو سیستمەکەی دیکە یاخود جۆرەکانی دیکەی سیستمی نوێنەرایەتی (نیابی) جیادەکاتەوە چۆنییەتیو چەندایەتی ئەو سەربەخۆییبوونەی دەسەڵاتەکانە لە یەکتر ئەو پەیوەندیو شێوەو شێوازی کارکردنەیە لەنێوان دەسەڵاتەکاندا بەتایبەت لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا(٢).

بۆیە سیستمی پەرلەمانییە بە سیستمێکی مامناوەند دادەنرێت لەنێوان سیستمی سەرۆکایەتیو سیستمی لێکدانی دەسەڵاتەکان، بەڵام سیستمی پەرلەمانی پێکدێت لە دەسەڵاتێکی لێکجیا، جوداییەک نە بگاتە حاڵەتی لێکترازانو پسانی پەیوەندییەکان، نە یەکگرتنو تێکەڵیەک دەسەڵاتەکان لە یەکتردا بتوێنەوە، بەڵکو هاوسەنگییەک دوور لە ئاوێتەبوونو لێکچڕان، بەڵکو بەشێوازیک هەر یەکەو کۆمەڵە هۆکارو وەسائیلێکی لەبەردەستدایە بۆ چاودێریو هەماهەنگیو کاریگەریی لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی دیکە.

بۆیە ناوەرۆکی ئەم سیستمە بەوە دەناسرێت سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان لە یەکتر بەشێوازێکە کە هیچ یەکیان بێ ئەوی دیکە ناکرێت، لە راپەراندنو راکردنی ئەرکەکانیان بەبێ هەماهەنگیو هاوکاری دەسەڵاتەکانی دیکە.

شێوازی دیموکراتییانە لە سەرۆکایەتیکردنی دەوڵەت، دوو شێواز سەرۆکایەتیمان هەیە کە بە سەرۆکایەتییەکی دیموکراتییانە ناوزەد دەکرێن:

**یەکەم: پادشایەتی دەستووری (الملكية الدستوورية):**

لە سیستمی پادشایەتی دەستووریدا پادشا لەرێی بۆماوییەوە (**الوراثة**)، وەک سەرۆک فەرمانڕەوایەتی دەگرێتەدەست، بەڵام ئەمجۆرە پادشایەتییە یاخود سەرۆکایەتییە جیاوازە لە پادشایەتی رەها (**الملكية المطلقة**)، چونکە لە پادشایەتی دەستووریدا گەل خاوەنی سیادەو سەروەرییە کە لەرێی نوێنەرەکانی پەرلەمانەوە کارەکانی هەڵدەسورێنێت، چونکە ئەندامانی پەرلەمان دەستەیەکی هەڵبژێردراون، گەل هەڵیبژاردون. پادشا دەورو رۆڵی تەنیا رەمزییەو کارەکانی تەشریفیو هەماهەنگیو یەکخستنو رێکخستنی لایەنەکانە، پارێزگاریکردنە لە دەستوور، کاتێک بەم سیستمە دەوترێت سیستمی دیموکراتی کە دەستوور بوونی هەبێت، ئەساس گەل بێت بۆ سەرچاوەی سیادە.

**دووەم: سیستمی کۆماری:**

لە زۆربەی زۆری دەوڵەتو دەسەڵاتە نوێکاندا سەرۆک کۆمار لەرێی هەڵبژاردنەوە دەستنیشان دەکرێت، نەک لەرێی بۆماوییەوە. ئەوەی سیستمی کۆماری لە سیستمی پادشایەتی دەستووری جیادەکاتەوە لە یەکەمیاندا سەرۆک کۆمار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێت، ئەو هەڵبژاردنەش لە گەلەوە سەرچاوە دەگرێت،

شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار:

سەرۆک کۆمار بە یەکێک لەم پرنسیپو شێوازانە هەڵدەبژێردرێت:

١- هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە:-

ئەمجۆرە هەڵبژاردنە یان بەشێوەی راستەوخۆ دەبێت یاخود ناراستەوخۆ، لە جۆری یەکەمدا گەل راستەوخۆ سەرۆک هەڵدەبژێرێت، لە جۆری دووەمدا لەرێی نوێنەرانیانەوە دەبێت کە گەل هەڵیاندەبژێرێتو لەرێی ئەوانەوە سەرۆک هەڵدەبژێردرێت.

ئەم شێوازە هۆکارێکە بەرەو لادانو یاخیبوونی سەرۆک، چونکە مەشروعیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک سەرچاوەی گرتووە لە گەلەوە کە ئەمە بۆ خۆی وەک رکابەرێک دەتوانێت لە بەرامبەر پەرلەماندا بوەستێتەوە، چونکە سەرچاوەی هێزی هەردوولا گەلە، ئەمە وادەکات ئاڵۆزیو پشێوی لەنێوان سەرۆکو پەرلەماندا دروستبکات، چونکە ئیمدادی هەردوولا گەلەو قسەکردنی هەر لایەکیان ئیعتیباری سیادەی گەلی تێدا دەبینرێتەوە. وەک لە دەقی دەستووری فەرەنسی(١٨٤٨) دا هاتووە «کە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ» ئەویش دوای لابردنی لویس فیلیپ، راگەیاندنی کۆماری دووەم بە هەڵبژاردنی (لویس ناپلیۆن) لەلایەن گەلەوە، کە برازای سەرۆک کۆمار ئیمپراتۆر (ناپلیۆن پۆناپارت)بوو.

ئەم سەرۆکە دوای بەدەستهێنانی متمانەی گەل لە خۆباییبوون سەری پێکێشا بەرەو زۆرداریو هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ساڵی (١٨٥١)ز، راگەیاندنی ئیمپراتۆریەتی دووەمو خۆی کرد بە ئیمپراتۆر تا کۆتایی تەمەنی.

جێی باسە ئەمجۆرە هەڵبژاردنە لە سیستمی سەرۆکایەتیدا باوەو زۆرتر کاری پێدەکرێت، چونکە سەرۆک کەسی یەکەمە لە بەڕێوەبردنی وڵات، گەل ئەو متمانەیەی دەداتێ کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەرجەنتینو ئۆرگوای... ئەم شێوازە پیادە دەکەن.

٢- هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە:-

زۆر دەوڵەت ئەمجۆرە سیستمە پیادە دەکات لە کۆنو تازەدا وەک دەستووری فەرەنسا (١٨٧٥)و دەستووری (١٩٤٦)وە دەستوورانی تورکیا، نەمسا، لوبنان.... زۆرێکی دیکەی دەستوورانی دونیا، بەهەمانشێوە دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)، بەڵام هەندێک بڕوبیانوو رەخنە هەیە لەمجۆرە هەڵبژاردنە، بەوەی سەرۆک دەکەوێتە ژێر سایەو رەحمەتی پەرلەمانەوە، ئەویش دەیخاتە ژێر دەستی حیزبی زۆرینە کە ئەمە وادەکات سەرۆک ئەو رێزو گەورەییەی نەمێنیت لە ئاستی پێویستدا، لەهەمانکاتدا وادەکات دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاوازبێت لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان. بۆیە هەر ئەم جۆرە هەڵبژاردنەیە دەبێتە هۆکاری پشێویو هەڵدێری سیاسی کە جمهوریەتی چوارەمی لە فەرەنسا بەرەو ترازان برد (٣).

وەڵامێک بۆ ئەم بۆچوونە کە سەبارەت بەم شێوازە هەیە لە هەڵبژاردنی سەرۆک.

١- سیستمەکە سیستمی پەرلەمانییە، گومانی تێدا نییە پەرلەمان بەهێزترە لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، چونکە پەرلەمان نوێنەری گەلە بۆ چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە لە سنوور لادان زیاتر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکاریەوە روودەداتو ئەو سنوور دەبەزێنێت.

٢- وەک ئاماژەمان پێدا بەهەمانشێوە ئەگەر سەرۆک سەرچاوەی لە گەلەوە وەرگرت رەنگە مل بۆ پەرلەمان نەدات کە زۆربەی مەسەلە چارەنووسسازەکان ئەو دەبێت یەکلایی بکاتەوە.

٣- لە سیستمی پەرلەمانی وەک عورفی دەستووری گشتی لێهاتووە، ئەگەر رژێمی پادشایەتی نەبێت پەرلەمان سەرۆک هەڵدەبژێرێت. وەک لە دەستووری عێراقی(٢٠٠٥)، لە مادەی (٥٨- برگەی سێیەمدا) هاتووە کە یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمان هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارە، دوای دەستنیشانکردنی ئەویش (سەرۆک) کۆمەڵێک هۆکارو وەسائیلی گرنگی دەکەوێتە دەستی کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاساداناندا بەکاریانبهێنێت.

٤- ئەو بۆچوونە بۆ خۆی لە شوێنی شیاودا نییە، چونکە تەنیا سەرۆک بریتی نییە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەڵکو لە پاڵ ئەویشدا سەرۆکی حکومەت هەیە کە بە هەردوولا دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدەهێنن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە سیستمی پەرلەمانی بەوە ئەکتیڤ دەبێت کە دەسەڵاتی راستەقینەی هەبێت لە چاودێریکردنو کاریگەریی تەواو لە بەرامبەر ئەدای سوڵتەی تەنفیزیدا بە هەردوو پێکهاتەکەیەوە.

ئەوەی مەبەستمە بەڕوونتر باسی لێوەبکەم کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆکو ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت کە ناو دەبرێت بە (ثنائية السلطة) دوو دەسەڵات یەکێکیان لە گەلەوە هێزی مەشروعیەتی وەرگرتووە، ئەوەی دیکە دەبێت جێی رەزامەندی پەرلەمان بێت کە بە هەردووکیان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پێکدەهێنن، ئەو کات یەک دەسەڵات دوو سەرچاوەی مەشروعیەتی هەیە.

٣- هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن پەرلەمانو گەلەوە:-

بە دوو شێواز دەکرێت ئەو هەڵبژاردنە:

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەرێگەی کۆمەڵێکی تایبەت:-

أ- ئەم شێوازە لە هەڵبژاردن کە لەرێی دەستەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکەوە بڕیار دەدەن لە دەستنیشانکردنی سەرۆک کە ئەمە بە چارەسەرێکی میانی (وسط) دادەنرێت، کە وادەکات نە یاخیبوونی سەرۆکی لێبکەوێتەوە، نەلاوازیو بێ دەسەڵاتی سەرۆک وەک گومان دەبرێت ئەو دەستە تایبەتە لە ئەندام پەرلەمانو نوێنەرانی گەل پێکدێت، ئەم شێوازە دەستووری ئیسپانی (١٩٣١)م بەم شێوازە کاریدەکرد، بەڵام ئەمیش بۆ خۆی بێ گرفت نییە کە ئایا پەرلەمان ئەو دەستەیە هەڵدەبژێرێت یان گەل یان ئەو ئەنجومەنە تایبەتە کێنو چۆنن؟!

ب- پەرلەمان سەرۆک هەڵدەبژێرێتو پاشان دەیخانە بەردەم گەل بۆ دەنگدان لە سەری کە ئەمە بەکاملترین شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک دادەنرێت، چونکە پەرلەمانو گەل بەشداری تێدادەکەن، ئەمە جوانترین شێوازە سەرۆک بتوانێت متمانەی پەرلەمانو گەل بەدەستبهێنێت،

بەڵام ئەوەی رەشنووسی هەرێم تەبەنی دەکات هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لەرێی گەلەوە وەک ماددەی (٦١) لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا ئاماژەی پێدەکات» سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێگەی دەنگدانی گشتی نهێنی راستەوخۆوە لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێدرێت، بەو شێوەیەی کە یاسا دیاریدەکات». بە هیچ شێوازیک لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا یەک ناگرێتەوە، وەک هەر لە هەمان رەشنووسدا ماددەی (١) ئاماژەی پێدەکات» کوردستان عێراق هەرێمێکە لەنێو دەوڵەتی فیدرالیدا، سیستمە سیاسییەکەی پەرلەمانی کۆماریو دیمکراتییە». ئەمەش تەناقوزو دژبەیەک لەنێوان ماددەکانی دەستووردا دروستدەکات. (لە یاسادا هەرکات دوو یاسا یان دوو برگە دژ بەیەکبوون دەبێت بە یەکێک لە هۆکارەکانی توفیق یان ترجیح یەکلابکرێتەوە)، چونکە مەوادی دژبەیەک تەفسیرو رای دژ بەیەک دروستدەکاتو دەبێتە وەستانی مادەیەکیان یاخود دەبێت کار بەیەکێکیان بکرێت لە شوێنێکداو بە ئەوی دیکە لە شوێنێکی دیکەدا، هەمێشە پرسیاری کامیان گرنگترە دروست دەبێت کە ئەمە دەیان گرفتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها زۆر گرنگە کە زانایانی دەستووری هەرێم روونی بکەنەوە چ جۆرە سیستمە پەرلەمانییەکە کە تەبەنیان کردووە بۆ ئەم هەرێمە، ئەمجۆرە سیستمە لە کام وڵاتی پێشکەوتودا پیادە دەکرێت کە ئەمە بۆ خۆی لەگەڵ پەرلەمانێکی ئەکتیڤدا یەک ناگرێتەوە، چونکە پەرلەمان دەستکراوەترە بۆ چاودێریکردنی سەرۆکو حکومەت بەگشتی، بەهەمانشێوە پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە کە پەرلەمان سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت، ئەمجۆرە سیستمە لە سیستمی سەرۆکایەتیەوە نزیکترە نەک سیستمی پەرلەمانی، وەک ئاشکرایە لە سیستمی سەرۆکایەتیدا زیاتر مەرکەزیەتو رای تاکەکەسو تاکرەوی پێوە دیارە، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بێت هەر لەم ماویەدا، مالیکی سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ بانگەشەی بۆ سیستمی سەرۆکایەتی کرد، دەنگێکی نارەزایی زۆر بەرزبووەوە لەلایەن کوتلەی کوردیەوە بە چەندین بڕوبیانوی مەرکەزیەتو تاکرەویو دیکتاتۆری نوێو چەندین بیانوی دیکە.. ئەو بۆچوونە رەتکرایەوەو بەرپەرچدرایەوە، بانێکەو دوو هەوا!.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پێویستە گۆڕان سەکۆی هەموو جیاوازییەکان بێت



ئارام شێخ محەمەد

پرسێکی گرنگ کە دەرفەتی گەورەی بە هاتنەکایەی لیستی گۆڕان بەخشی‌و پاشان کردیە یەکێک لە گرنگترین هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان، بریتیبوو لە شکاندنی ئەو بەستەڵەکی دابەشکردنی دەسەڵاتە کە تەنیا لەنێوان دوو حیزبی سەرەکیدا لەم هەرێمە لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) هاتەکایەوە، بەستەڵەکێک کە بوار نەما لەم هەرێمەدا لەنێوان دوو هێزدا بەشنەکرێت‌و ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان بۆ ڕازاندنەوەی سیستمەکە، بەشێکی زۆر کەمیشیان دەدا بە کەسانی دیکەو لە هەندێک سیناریۆی ناشیاودا بەناوی قبوڵکردنی جیاوازییەوە خەڵکانێکی غەیری خۆیان، بەڵام هەر لە خۆیان‌و خزمەتکار بەهەمان سیاسەتی خۆیان دەخستە ناو سیستمەکەوە.

ئـەم شـێـوازی یـەک پارچەیی‌و یەک ڕەنگی‌و تەنیا یەک مۆدێلییە خەریکبوو دەبـووە شتێکی سروشتی‌و کۆمەڵیش لەگەڵ ئەم دۆخەدا خەریکبوو بار دەهێنراو دەبووە شتێکی ئاسایی‌و ئەوەی نائاسایی بوو ئەوەبوو کە بیرکردنەوەیەکی جیاواز لەوەی هەیە، شتێکی جیاواز لە باوەکان پێشنیازبکرێت، لەوەها دۆخێکدا کەسانی نـوێ‌و خاوەنانی بیروبۆچوونی نوێ دەکەوتنەبەر دۆخی هێرشێکی بە بەرنامەی ئیهمالکردن یان ئیهانەو تۆمەتبارکردن‌و لە هەندێک دۆخیشدا وەدەرنان‌و لەناوبردن‌و سڕینەوە.

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەهێزی پەیدابوونی لیستی گۆڕان یان باشتروایە بڵێین ئەوەی دەرفەتیدا بە لیستی گۆڕان وەک هێزێکی ڕاستەقینە دەربکەوێت ئەوەبوو کە جیاوازییەکی جیاواز لە هێزە باوەکان خستەڕوو بۆ کۆمەڵ، هەرچەندە ئەم دیاردەیە زۆر نوێ نەبوو بۆ هەرێمی کوردستان کە بەرنامەو دنیابینیی جیاوازی تێدا پێشنیازبکرێت، بـەڵام ئەمجارە جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە ڕێکخراوتر گۆڕان توانی لە یەکەم هەنگاویدا ببێتە سەکۆیەکی فـرە ڕەنـگ، کە بە هەموو جیاوازییەکانەوە لەسەر یەک بەرنامەی نەنووسراوە بەشداربووانی کۆک بوون، ئەویش شکاندنی بەستەڵەکی یەک مۆدێلی حوکمڕانی بێت‌و ئەمە هەنگاوێک بوو کە بەشداربووانی ڕاستەوخۆو بەشداربووانی ناڕاستەوخۆو بەشداربووانی بێ بەشکراو لە بەشداری ڕاستەقینەش لەسەری کۆک بوون تا لەم ڕێگەیەوە وەک دەروازەیەک هەنگاوێک بنرێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەگەلێکی سەخت‌و قورس، کە ئەویش دروستبوونی لیستی گۆڕان بوو.

ئەگەر بۆ هەنگاوی دەستپێک ئەم کـۆدەنـگـی جیاوازییە گرنگ بـوو بۆ ڕاوەستان‌و دەرکەوتن‌و سیما پەیداکردن، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی قۆناغی یەکەم پێویستی ژیانی بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەم هێزە پۆتینشیاڵ‌و فرەییە لە هەموو کات زیاتر گۆڕان دەخاتە دۆخی پێویستی پارێزگاریکردنی ئەو جیاوازی‌و فرەییەی کە توانی هێزی خۆی لێ وەربگرێت‌و بیکاتە واقعێکی مومکین، هەنگاوی دووەم دەوەستێتە سەر ئـەوەی چۆن بە جیاوازییەکانەوە گۆڕان دەتوانێت بە جیاوازی زۆرەوە پێشنیازی بەردەوامبوونی بۆ پێشنیازبکرێت، بۆ بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیەی کە دەستپێکردووە.

بۆ سەرخستنی ئەم ئامانجەش پێویستە گۆڕان ئەو سەکۆیە بێت کە ئەم پێشنیازانە نەک هەر سوودی لێ وەربگرێت، بەڵکو دەرفەتی ڕاستەقینەش بۆ چەسپاندیان بخولقێنێت، چونکە گـۆڕان لە بەرامبەر مۆدێلێک هاتووەتە کایەی سیاسی‌و ڕکابەریەوە کە بەشێکی زۆری دەرفەتەکانی تەنیا بە بەڵێن‌و سەرلەقاندن‌و دەستخۆشی لێکردن‌و هەندێکجاریش بە دیبلۆماسییەتی ڕیاکارانەو...هتد بەڕێکردووە بەبێ ئەوەی کە بەشێوەیەکی کرداریی‌و ڕاستەقینە دەرفەتەکان بۆ دروستکردنی سەکۆی فرەیی جێبەجێکرابن.

ئەم مامەڵەیە ئەگەر بۆ دەسەڵاتێکی بێ منەت تا زەمانێکی زۆر بەهۆی گرێدانەوەی بـەرژەوەنـدی ئـابـووری‌و ناچارییەوە دەچـووەســەر، ئـەوا بـۆ بەرامبەرێک کـە پشتئەستوربێت بـە گـرێـدانـەوەی بەرژەوەندی گشتی بەخۆیەوە ناتوانێت چەند مانگێک درێـژە بە ململانێیەکی سەخت‌و دژواربدات، سەرئەنجام خنکاندنی ئەم فرەییە دەبێتەهۆی لەدەستدانی هێزێکی گەورەی پڕ هیواو چاوەڕوان.

بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بە دۆخێک هەیە کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو لایەک بخولقێنێت، لە کەناڵە جیاجیاکانی بەشدارییەوە پێشنیازەکان بـەردەوام نوێبوونەوە بەم بزووتنەوەیە ببەخشێت تا سەرئەنجام بتوانێت لە ئاستی زیاتری ئەوەدا بێت کە لە قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆکرا.

مۆدێلێک کە گـۆڕان لە بەرامبەریدا هاتووەتە ئـاراوە، بریتییە لە مۆدێلێک کە تەنیا دەبێت ئەوانە حوکمڕان بن کە خۆیان بە خاوەنی هێزی یەکەم دەزانن، جا ئەگەر پێوەرو پێودانگە عەقڵی‌و ژیارییە پێویستەکان لەو کەسانە بەهێزتریش بن کە بەهۆی مێژوو و حاشیەکانیەوە گرێیدابن بەیەکەوە، ئەو جۆرە کەسانەی خۆیان بە خاوەنی تەنیا حەقیقەت دەزانن‌و میکانیزمەکانی دەستیان هەر شایەتی ئەوەی دەدا کە ناتوانن دەربازبن لەوەی کە خۆیان بەدەستی خۆیان بۆ خۆیانیان دروستکرد، ئـەوانـەی کە پێیانوابوو، تائێستاش پێیانوایە کە تەنیا شێوازێک کە ئەوان باوەڕیان پێی هەیە دەبێت هەر ئەوە ببێتە مەرجەعی کارکردن‌و بێجگە لەوەی ئـەوان، هیچ شتێکی دیکە ڕاست نییە، ئەگەرچی ئەو شێوازە نەک هەر کۆن نەک هەر هەڵە کە ئەمە نزمترین ئاستی زەرەرەکانیەتی‌و بەڵکە لـەدژی خودی ئەو لایـەن‌و هێزەش بێت کە خاوەنانی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە وایدەزانن یان وایاندەزانی یان پێیان باشبوو هەموو شتێک تەنیا بەدەستی خۆیانەوە بێت‌و کەسی دیکە بەشداری پێ نەکەن، ئەگەریش بەشدارییان خوڵقاند بۆ کەسانی دیکە یان باشتروایە بڵێین بۆ عەقڵی دیکە کە زۆرکات بە ناچاری‌و هەژمونی کەسانی نوێ لە دەرەوەی ئەوان سەپاندبێتی بەسەریاندا نەوەک هەستکردن بەو بەرپرسیارێتییەی کە ئیتر پێویستە ڕێگە بۆ کەسانی نوێ چۆڵبکەن، لـەم کاتەشدا ڕێـگـەدان بە بەشداریکردنی کەسانی نوێ بەشێوازێک بووە کە تەنیا دیسان بەشێوازێکی فیڵاوی کەسانی نوێیان بە دەوری خۆیاندا پێناسە کردووەتەوە تا نەوەی نوێ‌و عەقڵی نوێ بتوانێت قسەکانی خۆی‌و پێشنیازەکانی خۆی بخاتەڕوو، چونکە ئەم عەقڵیەتە ئامادە نییە لەبەر خاتری بەدیهێنانی ئامانجەکانی جێگەی خۆی بۆ کەسانی نوێ چۆڵبکات، تەنیا ئەوە بۆ کەسانی نوێ شکدەبات کە کاری شاگردیی‌و بەردەستییان پێ بکات، ئەمەش بە بەهانەو بەڵگەی سیاسی سواوو ستۆک ڕازێنراوەتەوەو کراوەتە موبەریر بۆ قۆرغکردنی دەسەڵاتەکان لە دەستی چەند کـەس‌و تاقمێکدا، کە سەرئەنجام ئەم مۆدێلە ناڕەزایەتییەکی فراوانی لە هەرێمی کوردستاندا بەرامبەر دەسەڵات دروستکرد، مەترسی گەورەش ئەوەیە ئەم مۆدێلە هاوشێوەی خۆی لە نەیارەکانیدا دروستبکاتەوەو ئەوەش کە بارودۆخەی نالەبارترکرد لە ئالیەتی حاکمڕانیدا ئەوەیە هەموو کات هەڵپەرستەکان یان بۆ ڕەتـکـردنـەوە یـان بۆ بەکارهێنان‌و سوودوەرگرتن لە هزری خەڵکی دیکە، خۆیان دەکەنە کوێخای گۆڕپانەکە، چونکە پێیانوایە کە دەبێت هەرخۆیان‌و خۆیان هەموو شتێک بەدەستیانەوە بێت، لەم دۆخەدا بانگەشەو ئیدعا هێندەی مانەوەی دەسەڵاتەکان لە چنگی چەند کەسانێکدا گرنگ نییە.

مۆدێلێک کە گـۆڕان لە بەرامبەریدا هاتووەتە ئاراوە، بریتییە لە مۆدێلێک کە تەنیا دەبێت ئەوانە حوکمڕان بن کە خۆیان بە خاوەنی هێزی یەکەم دەزانـن، جا ئەگەر پێوەرو پێودانگە عەقڵی‌و ژیارییە پێویستەکان لەو کەسانە بەهێزتریش بن کە بەهۆی مێژوو و حاشیەکانیەوە گرێیدابن بەیەکەوە، ئەو جۆرە کەسانەی خۆیان بە خاوەنی تەنیا حەقیقەت دەزانـن‌و میکانیزمەکانی دەستیان هەر شایەتی ئەوەی دەدا کە ناتوانن دەربازبن لـەوەی کە خۆیان بەدەستی خۆیان بۆ خۆیانیان دروسـتـکـرد، ئـەوانـەی کە پێیانوابوو، تائێستاش پێیانوایە کە تەنیا شێوازێک کە ئەوان باوەڕیان پێی هەیە دەبێت هەر ئەوە ببێتە مەرجەعی کارکردن‌و بێجگە لەوەی ئەوان، هیچ شتێکی دیکە ڕاست نییە.

خاوەنانی ئەم بیرکردنەوەیە دەکرێت بەسەر دوو تاقمدا دابەشبکەین، ئەوانیش یـان بـەهـۆی مـێـژووەوە یـان بەهۆی هەلپەرستییەکی تایبەتەوە نینۆکیان لە دەسەڵاتە جـۆراو جۆرەکان گیربووەو ئامادەنین دەستبەرداری ببن، تا بەخۆیانەوە زیانێکی گەورە بە لایەنەکەیان‌و کۆمەڵیش دەگەیەنن، بۆ ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان (مەبەستم لـە دەسـەڵاتـی حاکمڕانی حکومەت‌و وڵاتە) زیانەکانی ئەم غرورە کارەساتی گـەورە بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەخولقێنێت‌و زۆرجار لە هەندێک شوێنی دنیادا ئەم غـرورە سەرئەنجام هەندێک دەسەڵاتی بـەرەو لەناوچوون بـردووە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە بە بانگەشەیەکی جیاوازەوە لە بەرامبەر وەها غرورێکدا سەنگەردەگرن تێنەپەڕاندنی ئەم مۆدێل‌و شـێـوازی کارکردنە بـەدوای خۆیاندا شکستی گەورە بۆ پرسە ڕەواکانی خەڵک دەهێنێت، بەتایبەت ئەگەر سەنگەری نوێ بۆ ئەو مەبەستە دروستکرابێت کە جیاوازی بخولقێنێت‌و بەستەڵەکی یەک ڕەنگی‌و یەک شیتەڵکاری سیاسی‌و یەک مۆدێل‌و یەک شێوازی نووسین‌و یەک گوتاری هاتبێتە بوون‌و لەناو کەوانەیەکدا هەموو ئەمانەش بۆ خزمەتی خەڵک بێت، ئەگەر بڕیاریش بێت خەڵک بە نوێنەرایەتی جیاوازەوە جێگە پێی لەوەها سەنگەرێکدا هەبێت پێویستە دەرفەتەکان بە جۆرێک بن کە ئەم جیاوازییانە سەرەڕای یەکگرتووییان لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا بەهەمان ئەندازە بە جیاوازییەکانی خۆیانە دەربکەون‌و لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە دەرفەتی دەرکەوتنیان پێ بدرێت‌و کەناڵەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئاوەڵا بێت بۆ هەموو لایەک، نەک ئەوەی کۆمەڵێک چۆن ئارەزوودەکەن بەو شێوەیە ئاراستەی بکەن.

سەلیقەیەکی گەورەو سەکردایەتی بەهێز پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت هزرگەلێکی جیاواز ئاراستەبکات بۆ یەک مەبەست‌و یەک ئامانجی دیاریکراو، ئەوەی تا ئێستا لە دەسەڵاتەوە فێری بووین یان باشتروایە بڵێین بووە بە مۆدێل، دەسەڵاتێکە کە هەمیشە هەوڵی یەکخستن دەدات، هەمیشە هەوڵی ئـەوەی داوە هەموو یەک ڕەنگ بن، کە ئەمە شتێکی مەحاڵەو کۆی هەموو سیستمەکانی دنیاو ئەوانەی هەوڵیاندابێت کە هەموو شتێک یەکبخەن لە نزمترین ئاستدا بێدەنگی کوشندەو لە بەرزترین ئاستدا خزاون بەرەو دیکتاتۆرییەتی ڕەهاو بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵە دیموکرات‌و بـەهـێـزەکـانـدا سیستمی سیاسی‌و سەرکردایەتی سیاسی گرنگترین کاری بریتی دەبێت لە ڕێکخستنی جیاوازییەکان‌و لـەم دۆخـەشـدا جـیـاوازی‌و قبولکردنی جیاوازی دەبێتە شتێکی بەدیهی‌و ئەوەی لەدوای ئەمەوە دەستپێدەکات بریتییە لە چۆنێتی ڕێکخستن‌و سەرکردایەتیکردنی ئەم جیاوازییە.

هەنگاوی بەرایی کە گرنگترین هەنگاوەو لـێـرەوە بـەردی بناغەی بزووتنەوەی گۆڕان لە سەری نەک هەر ڕادەوەستێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت بریتییە لە دەرفەت خولقاندن بۆ جیاوازییەکان‌و ڕێکخستنی ئـەم جیاوازییانەیە لـەسـەر بنەمای ستراتیژێکی هـاوبـەش کە پرەنسیپی بنەمای‌و ژیانی ئەم هەنگاوە پێویستە لە چەسپاندن‌و پارێزگاریکردن‌و بەهێزکردنی مـانـەوەی بەهێزی ئـەم بزووتنەوەیە دەستپێبکات بە هەموو جیاوازییەکانیەوە، بەپێچەوانەوە هیچ هێزو لایەنێک هێندەی خودی بزووتنەوەی گۆڕان زیان لێکەوتوو نابێت کە پێچەوانەی ئـەم پرەنسیپی فرەییە بە جیاوازییەکانەوە ڕەتبکاتەوە، جا ئەم ڕەتکردنەوەیە بە ئاگاهی بێت، یان بەپێچەوانەوەو بۆ هەر مەبەستێک بێت هیچ کۆمەکێک بە گۆڕان ناکات.

# جەنگێکی دیکەی دەسەڵات دژی میدیا



فرمان عەبدولڕەحمان

دوێنێ هەریەکە لە مالیکیو بارزانیو تاڵەبانی لە هاوینەهەواری دوکان کۆبوونەوە، دواتر کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان ئەنجامدا، ئێمەش وەکو تیمی رۆژنامەو کەناڵی KNN وەکو کارێکی رۆژنامەوانی چووینە هاوینەهەواری دوکان بە مەبەستی رووماڵکردنی رووداوەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، کە رەنگە چارەنووسی نەک تەنیا ئەندامانی یەکێتیو پارتی، بەڵکو میللەتێکی پێوە گرێدرابێت، بۆیە ئێمەش وەکو ئەرکێکی رۆژنامەوانی بە پێویستمانزانی بە شێوەیەکی دروستانە زانیارییەکان بۆ بینەرو خوێنەرەکانمان بگوازینەوە، بەڵام ئەوەی تووشی شۆکی کردین، ئەوەبوو هەر بە گەیشتنمان بۆ دەروازەی هۆتێل ئاشوور پاسەوانەکان رێگرییان لێکردینو زۆر بە راشکاوانە پێیانراگەیاندین، کە ئێوە وەکو کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە رێتان پێنەدراوە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بکەن، دواتر رێگەش لە کەناڵی ئاسمانی پەیام گیرا، زوو زووش لە رێگەی ئامێرێکی بێتەلەوە بە ئاشکرا دەنگی بەرپرسێکمان دەبیست کە دووبارەی دەکردەوە کە رێگە بە تیمی راگەیاندنی کۆمپانیای وشەو کەناڵی پەیام نەدرێت بێنە ژوورەوە.

ئەم هەڵوێستە نادیموکراسییە ئاماژەیەکی ئاشکرای دەستپێکی شەڕێکی پلان بۆ دارێژراوە لەلایەن بەرپرسانی یەکێتییەوە، کە ئامادەکاریی لایەنە تەکنیکییەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی دوێنێی هاوینەهەواری دوکانی لە ئەستۆدا بوو، ئاشکراش دیاربوو کە بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی بە گیانێکی تۆڵەسەندنەوەوە ویستوویەتی دژایەتییەکی دیکەی کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە بکات.

من بەلامەوە سەیرە بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی دوای ئەوەی ناوە نهێنیو خوازراوەکانی سەر نووسینەکانی کوردستانی نوێی دەربارەی لیستی گۆڕانو کۆمپانیای وشە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئاشکرا کرد، ئێستاش دەیەوێت لە رێگەی دروستکردنی بەربەست لە بەردەم دەزگا میدیاییەکانی کۆمپانیای وشەدا تۆڵەی دۆڕانی حیزبەکەی لە پارێزگای سلێمانی، لە ئێمەی رۆژنامەنووس بکاتەوە، ئایا ئەمەیە پلانی بەخۆداچوونەوەتان بۆ بەهێزکردنەوەی یەکێتی دوای شکستەکەی (٢٥)ی تەمموز؟ ئەمەیە ئەو نوێبوونەوەیەی کە بڕیارتانداوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی یەکێتی پێهەستێننەوە؟!

رێگریکردن لە ئێمەی رۆژنامەنووس جگە لەوەی پێشێلکردنێکی مافی ئێمەی رۆژنامەنووسە بۆ رووماڵکردنی رووداوەکـان، لە هەمانکاتدا شەڕێکی دیکەی دەسەڵاتە بۆ ئەوەی بە حسابی خۆیان ئیحتیوای میدیای «موعارەزە» بکەن، بەڵام ئەو پلانو هەڕەشەو بێزارکردنانەتان ئەگەر کاریگەرییەکی هەبێت جگە لە ناشیرینکردنی خۆتان شتێکی دیکە بەرجەستە ناکات، چونکە ئەو هەوڵانەتان نەک ئێمە لە کاری رۆژنامەنووسی سارد ناکاتەوە، بەڵکو شێلگیرترمان دەکەن بۆ ئەوەی ئەگەر دەرگامان لێدابخەن لە پەنجەرەوە زانیاری نێو کۆبوونەوە ناشەفافو تاریکەکانتان بگوازینەوە بۆ هاوڵاتییانی کوردستان.

با بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیش بیر لە پلانێکی دیکە بکاتەوە بۆ رزگارکردنی حیزبەکەی لە شکستی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی نەوەکو هەوڵبدات تۆڵەی ئەو شکستەی لە ئێمەی رۆژنامەنووس بکاتەوە بە رێگرتن لە کاری رۆژنامەنووسی.





بانکی ئاڵوگۆڕی زانیاری

دەوڵەمەندترین
بانکی ئامارو زانیاری هەمەجۆر



www.hrdb.org
www.bankyzanyary.org

پەیوەندیکردن: 07480154171 3192010 info@hrdb.org

